بسم الله الرحمن الرحيم

## ژماره (٤،٥)


| په‌ڕه | ناوی بابه‌ت | ناوی ئاماده‌کار |
|---|---|---|
| ٢ | خۆشویستنی پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ هۆکار و نیشانه‌کانی | سه‌رنووسه‌ر |
| ٢ | هه‌ڵگرانی زانستی شه‌رعی باشترین هاوڕێ و هاوه‌مجلیسن | م . محمد عبدالرحمن . شه‌ریعه‌ی دهۆك |
| ٤ | چۆن مێژوو بخوێنینه‌وه ؟ | م . علي محمد علي . کۆمه‌ڵایه‌تی |
| ٥ | سیواك و زانستی نوێ | ی . پزیشك .هێمن |
| ٦ | دیارده‌کانی ده‌ستگرتن به قورئانی پیرۆزه‌وه | م . دارا جبار . عربی |
| ٧ | تاککردنه‌وه‌ی خوا له په‌رستن دا | هه‌تاو نوری.ز.سلێمانی.ك.کشتوکاڵ |
| ٨ | ( ئه‌بو دوجانه ) به‌رگریکاری پێغه‌مبه‌ر ﷺ | م . بشتیوان محمد . عربی |
| ٩ | پیاو وه‌کو ئافره‌ت نیه | إدريس محمود.سلیمانی.ك.یاسا |
| ٩ | مافی موسڵمان له‌سه‌ر موسڵمان | زهراء محمد. ز.سلێمانی.که‌لار.مێژوو |
| ١٠ | بۆ خه‌ڵه‌تاندنی نه‌فسه نه‌ك ڕازیکردنی عه‌قڵ | پارێزه‌ر . أحمد محمد |
| ١١ | گه‌نج و به‌ستنی په‌یوه‌ندی خۆشه‌ویستی | نیان.ز.سلیمانی.خانقین.جوغرافیا |
| ١٢ | بانگه‌واز بۆ خاچ په‌رستن ناسین وئامانجیان ئه‌لقه‌ی (٢) | بیلال جه‌لال.سلێمانی.پ . فیزیا |
| ١٣ | گرنگی زانست و کارپێکردنی له‌ئیسلامدا | هیوا زیره‌ك : ك.پ.که‌لار . کوردی . |
| ١٤ | هه‌ندێ له‌هه‌ڵوه‌شێنه‌ره‌وه‌کانی ئیسلام | هۆشمه‌ند أمین.ز.کۆیه.عربی .قه‌ڵادزێ |
| ١٥ | ڕاستکردنه‌وه‌ی مێژوو لـــه ژێر ڕۆشنایی قـورئاندا | محمد خدر.ز.کۆیه .عربی.قه‌ڵادزێ |
| ١٦ | له ئادابه‌کانی چونه‌بازاڕ بۆ خوشکان | جهاد قادر.قه‌ڵادزێ .عه‌ره‌بی |
| ١٧ | مه‌ترسی شه‌ریك بۆ خوا دانان له‌ســه‌ر دواڕۆژی ئینسان | ئاڵا عبدالفتاح.ز.سلێمانی.کۆمه‌ڵناسی |
| ١٨ | نامه‌یه‌ك بۆ عاشقانی گۆرانی و مۆسیقا | م . هاوار عبدالله . کۆمه‌ڵایه‌تی |
| 20 | Allah's Apostle ﷺ visits the house of a blind man !! | م . رزگار محمد . E |


..........................................................................

**تێبینی : بۆ ئه‌و فێرخوازه ئازیزانه‌ی که ده‌یانه‌وێت بابه‌تیان بڵاوبێته‌وه ، زانست ئه‌و ده‌رفه‌ته‌یان بۆ ده‌ڕه‌خسێنێت ، به‌ڵام بابه‌ته‌کانیان به‌پێی مه‌رجی بڵاوکراوه‌که بێت ، ئه‌وانه‌ش :**

**١ . بابه‌تی دووباره نه‌بێت ... ٢ . ئه‌گه‌ر وه‌رگیراوه ئاماژه به ناوی سه‌رچاوه بکرێت ... ٣ . تا ده‌توانرێت کورت و پوختکراو بێت ... ٤ . ئاماده‌کار ناوی خۆی و کۆلێژ و به‌شه‌که‌ی بنووسێت ... ٥ . تایپکراویش بێت .**

..........................................................................


**بۆ ده‌ستکه‌وتنی زانست سه‌ردانی پێگه‌ی ئه‌لکترۆنی : www.ba8.org بکه .**

**و Zanest@Gawab.com**

**سه‌رنووس** عدنان بارام قادر

**ده‌سته‌ی نووسه‌ران :** م . هاوار عبدالله محمود م . رزگار محمد کریم م . فـلاح حسن م . علي محمـد علي


**تێبینی : ده‌سته‌ی به‌ڕێوبه‌ری زانست ئه‌وه به فێرخوازانی ئازیز ڕاده‌گه‌یه‌نێت که هۆی دواکه‌وتنی ژماره ( ٤ ) ی بڵاوکراوه‌که‌تان ، و کۆکردنه‌وه‌ی له گه‌ڵ ژماره (٥ ) دا ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ هاوکات بوونی ژماره ( ٤ ) له گه‌ڵ پشوی فێرخوازانی به‌ڕێز ... جا بمانبوورن بۆ ئه‌و دواکه‌وتنه .**

**به ڕه‌خنه و پێشنیاره‌کانتان بڵاوکراوه‌که‌تان ده‌وڵه‌مه‌ندتر بکه‌ن ... له گه‌ڵ ڕێزماندا .**

## خۆشویستنی پێغەمبەری خوا ﷺ
## هۆکار و نیشانەکانی

خوای پەروەردگار گوێڕایەڵی و خۆشویستن و قەدر بۆ دانان و هەستان بە مافەکانی پێغەمبەرەکەی ﷺ پێویست کردووە لە سەر بەندەکانی ، هەموو ڕێگەکانی داخستوە لە ڕێی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت بەهەشتی بەرین بەدەست بێنن ، جگە لە ڕێگەی ئەوەوە نەبێت ... بۆیە دەبینین پێشینەی ئەم ئوممەتە بۆ ئەو ئامانجە هەموو ئەوانەیان لە ژیانیاندا بەرجەستە کردووە بە ڕادەیەك نەفس و ماڵ و سامانیان لە ڕێیدا بەخشیوە ... و ئەویان لە نەفسی خۆشیان بە پێشتر زانیوە .

جا لە کاتێکدا خۆشەویستی ئەو جوداکاری نێوان ئەولیاکانی خوای پەروەردگار و ئەولیاکانی شەیتانە ، دەبێت موسڵمان ئەم خۆشەویستیە وهۆکار ودیاریدەکانی بزانێت ، بۆ ئەوەی لە کۆمەڵی یەکەم بێت و خۆیشی بپارێزێت لەوەی بکەوێتە زەلکاوی کۆمەڵەی دووەمەوە .. بۆیە دەووترێت : خۆشەویستی ڕاستەقینە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ خۆشویستنێکی شەرعیە و بە ویست و ئیرادەی کەسەکەوە دەبێت ، و کردەوەی دڵیشە ، پەیوەست کارێکی پتەوە موسڵمان دەبەستێت بە پێغەمبەری خواوە ﷺ ، و دڵ وبیر و هەستی و ویستی والێدەکات ئەو شتانە جێبەجێ بکات کە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ خۆشیان دەوێت ، بە کردەوە بێت یان گوفتار ، ئاشکرا بێت یان شاراوە ... ئەمەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە گوێڕایەڵی بەرهەمی خۆشەویستیە ، و لەسەر ئەو ڕادەوەستێ .

هۆکاری زیادبوونی ئەو خۆشەویستیەش : لە یاد بوونی بەردەوامی پێغەمبەر و هەموو بوارەکانی ژیانی پڕ لە بەرەکەتیەتی ﷺ ... هەوڵدان بۆ زانینی سوننەتەکانی و خۆ سەرقاڵ کردن پێیانەوە گوفتار بێت یان کردار ... تێڕامان و بیرکردنەوە لە نیعمەتی ناردنی ئەو پێغەمبەرە ﷺ لە لایەن خوای پەروەردگارەوە ... لەگەڵ زۆری سەڵاوات دان لە سەری .

دیاریدە و نیشانەکانی خۆشەویستی پێغەمبەری خوا ﷺ : گوێڕایەڵی کردن و خۆشویستنی ﴿ قُلْ إِنْ كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ﴾ ( آل عمران : ٣١ ) ... و بەگەورەدانان و ڕێزلێگرتن و ڕەوشت جوانی لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا ... زۆری بیرکردنەوە و تەمەنناکردنی بینینی ، و گەیشتن بە دیداری ... خۆشویستنی ئەهل و بەیت و خزم و خوێش و خێزانە بەڕێزەکانی ، لە گەڵ هاوەڵانی بەڕێزی (رضي الله عنهم) ... خۆشویستنی بانگەشەکاران بۆ سوننەتی ئەو پێغەمبەرە ﷺ و ڕق لێبوونی ئەوانەی کە پێچەوانەی سوننەتی ئەو کاردەکەن و لە سوننەتەکانی لادەدەن .

سەرنووسەر

## هەڵگرانی زانستی شەرعی
## باشترین هاوڕێ و هاوەجلیسن

باشترین هاوڕێ و هاوەجلیس و برادەر بۆ مرۆڤ ئەو کەسانەن کەوا دوو شتیان تێدا بە دی دەکرێت ( **زانستی بە سوود و کردەوەی چاك** ) ، ئەمەش تەنها و تەنها لە ( هەڵگرانی زانستی شەرعی و پەیڕەوکارانی سوننەت ) دا ئەوانەی کە حەق و ڕاستییەکان دەزانن و کردەوەشی پێدەکەن دەبینیتەوە .

خوای گەورە بۆی دیاری و دەست نیشان کردووین کە باشترین هاوڕێ کێیە و بە چیش لەگەڵیا ئەبین ، ئەویش لەم ئایەتەدایە کە تێیدا فەرموویەتی: ﴿ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَأُولَٰئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَٰئِكَ رَفِيقًا ﴾ ( النساء : ٦٩ ) ، واتە : هەر کەسێك گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر ﷺ بکات ئەوا لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەبێت کە خوا نیعمەتی خۆی بە سەردا ڕشتون لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و

شەهیدان و پیاوچاکان ، وە ئەوانەش باشترین هاوڕێن .

لە بەر گرنگی و بایەخی ئەم بابەتە دەبینین خوای گەورە فێری کردووین کەوا لە نوێژەکانماندا بە لایەنی کەمەوە ڕۆژانە حەڤدە (١٧) جار داوای لێبکەین هیدایەتمان بدات و ڕێنماییمان بکات بۆ سەر ڕێگای ئەوانەی نیعمەتی خۆیی بەسەردا ڕشتون کە باشترین هاوڕێن : ﴿ اهدنَا الصِّرَاطَ المُستَقيمَ صِرَاطَ الَّذينَ أنعَمتَ عَلَيهِمْ غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ ﴾ ( الفاتحة : ٦ ــ ٧ ) ، واتە : خوایە ڕێنماییمان بکە بۆ سەر ڕێگای ڕاست ، ڕێگای ئەوانەی کە نیعمەتی خۆت بەسەردا ڕشتون ، نەك ئەوانەی کە لێیان تووڕە بویت و نەك ئەوانەش کە گومڕا بوون .

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : (( المغضوب عليهم اليهود والضالين النصارى )) [ سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٣٢٦٣) ] ، واتە : ئەوانەی کە خوا لێیان تۆڕە بووە بریتین لە جوولەکە ، وە ئەوانەی کە گومڕا بوون بریتین لە خاچ پەرستان .

هۆی تووڕە بوونی خوا لە جوولەکەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان زانستیان پێ بوو بەڵام کردەوەیان پێ نەدەکرد ! وە هۆی گومڕا بوونی خاچ پەرستانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خاچ پەرستان کردەوەیان دەکرد بەڵام بە بێ زانست !

بەڵام ئەوانەی کە خوا نیعمەتی خۆیی بەسەردا ڕشتوون لە ( پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان ) زانستی بە سوودیان پێ بووە و لە هەمان کاتدا کردەوەی چاکیشیان کردووە بەو زانستە بە سوودە ، بۆیە خوای گەورە ئەو ڕێزەی لێ ناون و فەرمانی بە ئێمەش کردووە کە داوای لێبکەین ڕێنماییمان بکات بۆ سەر ڕێگا ڕاستەکەی ئەوان بۆ ئەوەی ببین بە هاوڕێی ئەوان لە دونیا و قیامەتدا .

یەکێك لە پێشەوایانی سەلەف ( ابن شَوذَب ) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : ( إنَّ مِنْ نعمة الله على الشابِّ إذا نَسَكَ أنْ يُؤاخيَ صاحب السُّنَّة يحملهُ عليها ) [شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة للالكائي رقم : (٣١) ] ، واتە : بەڕاستی هەندێك لە نیعمەتەکانی خوا بە سەر گەنجەوە لە کاتێکدا پێدەگات ئەوەیە کە برادەرێتی کەسێك لە هەڵگرانی سوننەت بکات بۆ ئەوەی پەروەردەی بکات لە سەری .

یەکێکی تر لە پێشەوایانی سەلەف ( أيوب السختياني ) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : ( إنَّ مِنْ سَعادة الحَدَث والأعجميِّ أنْ يُوفِّقَهما الله للعالِمِ بالسُّنَّة ) [ شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة للالكائي رقم : (٣٠) ] ، واتە : بەڕاستی بەختەوەری گەنج و کەسێك کە زمانی عەرەبی نەزانێت لەوەدایە کە خوا زانایەکی بۆ بکات بە هاوەڵ شارەزا بێت بە سوننەت کە تێی بگەیەنێت و پەروەردەی بکات لە سەری .

لەمەوە بۆمان ڕوون و ئاشکرا دەبێت کەوا هاوڕێیەتی کردنی شارەزایان بە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و شوێنکەوتوانی ئەوانەی کە بەردەوام داکۆکی دەکەن لە زیندوو کردنەوە و پەیڕەو کردنی سوننەتەکان کاریگەری بەرچاویان هەیە لە سەر ژیان و داهاتووی لاوان بۆیە زانایانی پێشین زۆر بایەخیان پێ داوە و جەختیان لە سەر کردووەتەوە ، چونکە بە هاوشێوەی ئەم جۆرە هاوڕێیەتیە خوای گەورە گومڕایان ڕزگار دەکات و هیدایەتی لە ڕێگا دەرچوان دەدات بۆ سەر ڕێگای ڕاست کە بریتییە لە زانستی بە سوود و کردەوەی چاك .

شێخ ( عبد الرحمن السعدي ) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : ( صُحبَةُ الأخيار : توجب العلوم النافعة ، والأخلاق الفاضلة ، والأعمال الصالحة ، وصحبة الأشرار تحرِمُ من ذلك أجمع ) [ بهجة قلوب الأبرار ص : (٢٢٦) ] ، واتە : هاوڕێیەتی کردنی چاکەکاران : زانستە بە سوودەکان و ڕەوشتە جوانەکان و کردارە چاکەکان مسۆگەر دەکات ، وە هاوڕێیەتی کردنی خراپەکاران لە هەموو ئەوانەی سەرەوە بێبەش و مەحروم دەکات .

**م . محمد عبدالرحمن . شەریعەی دهۆك**

## ( مێژوو ) و شێواندنی ڕووی گه‌شی ئیسلام چۆن مێژوو بخوێنینه‌وه (به‌شی سێیه‌م)

ئـه‌بێت مێـژوو بخوێنینـه‌وه وه‌ك خوێندنـه‌وه‌ی فه‌رموده‌كانی په‌یامبه‌ر ﷺ .

جا ئه‌گه‌ر ئێمه بمانه‌وێت فه‌رموده‌كانی په‌یامبه‌ر ﷺ بخوێنینه‌وه ، ده‌بێت به‌دوای چه‌سپاوی هه‌واڵه‌كان بگه‌ڕێین ، ئایا له په‌یامبه‌ری خـواوه ﷺ چه‌سپاوه یا نه‌چه‌سپاوه ؟

هه‌رگیز ناتوانین ڕاستی و چه‌سپاوی فه‌رموده‌كانی په‌یامبـه‌ر ﷺ لـه هه‌ڵبه‌سـتراو و بـێ بناغـه‌كان جیـا بكه‌ینـه‌وه ، هـه‌تا ته‌ماشـای سـه‌نه‌د و ده‌قی هه‌واڵه‌كه نه‌كـه‌ین (١) ، جـا بۆیـه زانایـان گرنگیـه‌كی زۆریـان بـه فـــه‌رموده و هـــه‌واڵ خوانـــه‌كانی داوه و بـــه‌دوای فه‌رموده‌كانیانـدا ڕۆیـشتوون و پاڵاوتوویانـه ، دوایـش بڕیاریـان له‌سه‌ری داوه و ( صحيح ) و ( ضعيف ) یان له یـه‌كتر جیاكردۆتـه‌وه ، هـه‌روه‌ها فـه‌رموده‌كانیان لـه‌و شتانه پاككردۆته‌وه كه به درۆوه یان به ( تدليس )ـه‌وه یان به‌هه‌ر شێوازێكی تری خراپه‌وه خراونه‌ته سه‌ری .

بـه‌ڵام مێـژوو جیـاوازه ، جـاری وا هه‌یـه زۆربـه‌ی ڕیوایه‌تـه‌كان سـه‌نه‌دیان هـه‌ر نیـه ، جـاری واش هه‌یـه سـه‌نه‌دیان هه‌یه ، بـه‌ڵام هـیچ كام لـه‌و هه‌واڵخوانانـه‌ی كه لـه‌ناو ڕیواته‌كـه‌دا هـه‌ن ژیاننامـه‌یان دیـار نیـه ، هـیچ

(١) ڕچـه ( سـه‌نه‌د ) : زنجیره كه‌سـێكن پێكـه‌وه بـۆ ده‌قی فه‌رموده‌یه‌ك ( بۆ ئه‌وه‌ی له‌م باره‌یه‌وه به گوشراوی زانیاریه‌كت پێشكه‌ش بكـه‌م ) ئـه‌م نمونه‌یه‌ت بۆ دێنمه‌وه : (( قال البخاري في صحيحه : حدثنا الحميدي عبدالله بن الزبير ، قال : حدثنا سـفيان ، قال : حدثنا يحي بن سعيد الأنصاري ، قال : أخبرني محمد بن إبـراهيم التيمي : أنه سمع علقمة بن وقاص الليثي ، يقول : سمعـت عمـر بـن الخطاب ا على المنبر قال : سمعت رسول الله ح يقول : " إنما الأعمـال بالنيات ، وإنما لكل امرىء ما نوى ، فمن كانت هجرته إلى دنيا يصيبها ، أو إلى امرأة ينكحها ، فهجرته إلى ما هاجر إليه " .

جا هه‌ر له ( قال البخاري )ه‌وه هه‌تاكو ئه‌وه‌ی ئه‌ڵێت : ( سمعت رسـول الله ) پێـی ده‌گوترێـت سـه‌نه‌د . وه بـه فه‌رموده‌كـه‌ی په‌یامبه‌ری خوا ﷺ ( إنـمـا الأعمال بالنيات .. ) ده‌وترێت ده‌ق ( النص ) وه به هه‌ریه‌ك له‌وانه‌ی ناویان هاتووه له سه‌نه‌ده‌كه‌دا ده‌وترێت هه‌واڵخوان ( ڕاوی ) .

یه‌كێكیش له‌زانایان نابینین نه به باشی و نه به خراپی ، نه به مه‌دح و نه به‌زه‌م باسیانی كردبێت ، لـه‌م حاڵه‌ته‌دا بڕیاردان له‌سه‌ر ئه‌و ڕیوایه‌ته قورسه چونكه حاڵ و باری هه‌ندێك له پیاوانی سه‌نه‌ده‌كه نادیارن .

كه‌واته لێره‌دا كاره‌كه گه‌لێك له فه‌رمووده گرانتره ، ئه‌مـه‌ش ئـه‌وه ناگه‌یـه‌نێت كـه كه‌مته‌رخـه‌می تێـدا بكه‌ین ، به‌ڵكو هه‌ر ده‌بێت بـه‌جوانی لێی ووردبینـه‌وه و بزانین چۆن مێژووه‌كه‌مان وه‌رده‌گرین .

پـێ ده‌چـێت هه‌نـدێك بڵـێن : خـۆ ئه‌گـه‌ر ئاوه‌هـا بكه‌ین به‌شێكی زۆری مێژوومان له‌ده‌ست ده‌ڕوات !؟

له وه‌ڵامدا ده‌ووترێت : نه‌خێر بـه‌و شێوه‌یه نییـه كـه تـۆ لێـی تێگه‌یـشتووی ، بـه‌ڵكو زۆربـه‌ی ئـه‌و ڕیوایه‌تـه مێژوویانـه‌ی كـه پێویـستیمان پـێ ده‌بێـت هه‌مووی به سه‌نه‌ده‌وه باسكراون ، ئیتر ئه‌و سـه‌نه‌دانه لـه خـودی كتێبـه‌كانی مێـژوودا بێـت وه‌كـو مێـژووی "ته‌به‌ری" و ئیبن كه‌سیر و هتـد .. یان لـه كتێبـه‌كانی فـه‌رمووده‌دا بێـت وه‌كـو "صـه‌حیحی بوخـاری" و "موسنه‌دی ئیمام ئه‌حمه‌د" و "جامیعی تورموزی" و "موصه‌ننه‌ف ئیبن ئـه‌بی شـه‌یبه" ، یان لـه كتێبـه‌كانی ته‌فسیردا بێ كه هه‌ندێك ڕیوایاتی مێژوو به‌سه‌نه‌ده‌وه ده‌گێڕنـه‌وه ، وه‌كـو: "ته‌فـسیری ئـیبن جـه‌ریر" و "ته‌فسیری ئیبن كه‌سیر" ، یان هه‌ندێك جار لـه كتێبه تایبه‌تییه‌كاندایه ، كـه باسیان لـه ماوه‌یه‌كی تایبـه‌ت كـردووه ، بـۆ نموونـه كتـێبی "حـروب الـرده" ی " الكلاعی" و "تاريخ خه‌ليفه بن خه‌يات" .

مه‌به‌ست ئه‌وه‌یه گه‌ر بمانـه‌وێ بۆ ڕیوایه‌تێك له ڕیوایه‌ته‌كان سه‌نه‌دێك بدۆزینه‌وه دانامێنین .

كه‌وابوو له‌كاتی خوێندنه‌وه‌ی مێژوودا ئه‌بێت به بـژاركردن و پاڵفتـه كردنـه‌وه بیخوێنینـه‌وه ، هـه‌روه‌ك چۆن فه‌رموده ده‌خوێنینه‌وه .

به‌داخـه‌وه : زۆرێـك ئـه‌مڕۆ سه‌رسـامی كتێبـه مێژووییه تازه نوسراوه‌كان بوون ، ئه‌و كتێبانـه‌ی كه به زۆری بایه‌خ ده‌ده‌ن به ڕازاندنه‌وه‌ی چیرۆكه‌كان ، یا ناشیركردنی شێوازه‌كان ، یا هـه‌ردووكیان پێكـه‌وه ، به‌بێ گوێدانه ڕاستی و چه‌وتی چیرۆكه‌كه .

وەکو کتێبەکانی " عباس العقاد " (٢) .
یان کتێبەکانی " خالد محمد خالد " (٣) .
یان کتێبەکانی " طه حسين " (٤) .
یان کتێبەکانی " ( جرجي زيدان ) ی گاور " (٥) .
یان جگە لەمانیش .. .

جا ئەمانە کاتێك باس لە مێژوو دەکەن گرنگی بە داڕشتن و ڕێکخستن و ڕازاندنەوەی چیرۆکەکە دەدەن ، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا ئەم چیرۆکە ڕاستە یا نە ، بەڵکو هەندێکیان مەبەستیان ناشیرین کردنیشە ، تەنها گرنگ ئەوەیە چیرۆکێکی خۆشت بۆ بەیان بکات.

**هەروەها لەو کتێبانەی کە پێویستە وریایی لێ بکرێ :**

١. " الأغاني لأبي الفرج الأصفهاني " : خۆی کتێبەکە بریتیە لە دەمەتەقێ و شیعر و گۆرانی ، بەڵام کۆمەڵێکی زۆر هەواڵی ناڕاستیشی تێ ئاخنیوە .

٢. " العقد الفريد " لابن عبد ربه : ئەمیش خۆی کتێبێکی ئەدەبیە بەڵام گەلێك هەڵەی تێدایە .

٣. " الإمامة والسياسة " کە ئەدرێتە پاڵ ئیبن قوتەیبە ، بەڵام درۆی بەدەمەوە کراوە .

٤. " مروج الذهب " للمسعودي : ئەم کتێبە سەنەدی تێدا نییە ( بێ سەنەدە ) .

( ابن تيمية ) : دەڵێ : " تاریخی مەسعودی ئەمەندە درۆی تێدایە مەگەر خوا بزانێ ، ئیتر چۆن بڕوا بکرێ بە حیکایەتێکی سەنەد پچڕاو لە کتێبێکدا کە ناسراوە بەوەی درۆی زۆری تێدایە " .

هەروەها ( ابن حجر ) : ئەڵێ : " وە کتێبەکانی وشك هەڵگەڕاوەن بەوەی کە شیعەیەکی موعتەزیلی بووە ".

٥. " تأريخ اليعقوبي " : ئەمەش کتێبێکە هەر هەمووی " مورسەلە " و سەندی تێدا نییە و خاوەنەکەشی تۆمەتبارکراوە .

**م . علی محمد علی . کۆمەڵایەتی**

---

(٢) خاوەنی زنجیرە کتێبی ( العبقريات ) .
(٣) خاوەنی کتێبی "خلفاء الرسول" و "رجال حول الرسول".
(٤) خاوەنی کتێبی "موقعة الجمل" و"علي وبنوه" و"الفتنة الكبرى" .
(٥) خاوەنی کتێبی "تاريخ التمدن الإسلامي" .

## سیواك و زانستی نوێ

**پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت : "** السواك مطهرة للفم ومرضاة للرب " ( رواه الإمام أحمد وصححه الألباني في المشكاة : ٣٨١ ) **ڕیوایەتیان کردووە .**

**واتە : سیواك پاکژکەرەوەیە بۆ دەم و ددان و خوای گەورەش پێی خۆشە بەکاری بهێنی .**

( د.وصفي حمزة ) **لەزانکۆی قاهیرە لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامدا ، سیواکێکی لە ناو ئاو بۆ ماوەی (٢) دوو کاتژمێر بەجێی هێشت ، پاشان ئاوەکەی پاڵاوت ، ئینجا ئەو پاڵاوتەیەی بەکارهێنا لەگەڵ ئەو بەکتریایانەی کەدەبنە هۆی هەوکردنی (** التهاب **) پووك و کلۆری ددان ، لە ئەنجامدا بینی (٩٠٪ - ١٠٠٪) بەکتریاکان لەناو دەبات .**

**ئەو پاڵاوتەیەیان شیکردەوە تابزانن ئەو ماددەیە چیە کە دەبێتەهۆی لەناوبردنی ئەو بەکتریایانە ، دەرکەوت ماددەیەکە پێی دەڵێن (بینزایك ئابزۆسایڵ تاینایت) . وە کاریگەری نزیکەی (٢) کاتژمێر لە ناودەمدا دەمێنێتەوە.وە زاناکان دەریانخستووە دانەکانی فڵچەی سیواك تەنها ئەوە نیە وەك فڵچەیەکی ئاسایی زبر بێت و بەس،بەڵکو وەك (** قصب **) ناوەوەی کلۆرەو پاشماوەی خۆراکی ناودەم هەڵدەمژێت و پاکی دەکاتەوە.بۆیە پێغەمبەرەکەی ئێمەش ﷺ پێش (١٤٣٠) ساڵ جوانی فەرمووە :** " لولا أن أشق على أمتي لأمرهم بالسواك عند كل صلاة " ( البخاري ) **واتە : ئەگەر بارگرانی نەبوایە لەسەر ئوممەتەکەم ئەوا لەگەڵ هەموو نوێژکردنێکدا ( سیواك ) م فەرز دەکرد کە بەکاربهێنن ) .**

**سەرچاوە:**

الحقائق الطبية في الإسلام ، د.عبدالرزاق الجيلاني

**ی . پزیشك .هێمن**

## دیارده‌كانی ده‌ستگرتن به‌ قورئانی پیرۆزه‌وه‌

( به‌شی دووه‌م )

**دووه‌م : ئیش كردن به‌ قورئان :**

ئه‌مه‌ش ئه‌وه‌ ده‌گه‌یه‌نێت ئه‌وه‌ی كه‌ قورئان فه‌رمانی پێ ده‌كات جێ به‌ جێ بكرێت ، به‌ واتایه‌كی تر ئه‌وه‌ی كه‌ حه‌ڵاڵی كردووه‌ به‌ حه‌ڵاڵ بزانرێت و ئه‌وه‌ی كه‌ حه‌رامی كردووه‌ به‌ حه‌رام بزانرێت ، و پابه‌ندبوونێكی ته‌واو به‌ هه‌موو ئه‌وه‌ی قورئانی پیرۆز فه‌رمانی پێ ده‌كات و ڕێنمایی بۆ ده‌كات ، و سه‌رپێچی نه‌كردنی فه‌رمانه‌كانی ، یان زیادنه‌كردنی شتێك له‌سه‌ر ڕێنماییه‌كانی " چونكه‌ ئه‌مه‌ درۆ كردنه‌ به‌ناوی خواوه‌ .

خوای گه‌وره‌ ده‌فه‌رموێت : ﴿ وَلَا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَذَا حَلَالٌ وَهَذَا حَرَامٌ لِتَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ ﴾ (النحل : ١١٦-١١٧) ، واته‌ : نه‌كه‌ن به‌ قاڵه‌ی زمانتان بڵێن ئه‌مه‌ حه‌رامه‌ وئه‌مه‌ حه‌ڵاڵه‌ ، بۆ ئه‌وه‌ی درۆ به‌ ناوی خواوه‌ هه‌ڵبه‌ستن ، به‌ڕاستی ئه‌وانه‌ی درۆ به‌ ناوی خواوه‌ هه‌ڵده‌به‌ستن سه‌رفراز و سه‌ركه‌وتوو نابن .

**سێیه‌م : خوێندنه‌وه‌ی قورئان وتێڕامان له‌ماناكانی :**

مانی ئه‌مه‌ش ئه‌وه‌یه‌ كه‌ به‌رده‌وام بیت له‌سه‌ر خوێندنه‌وه‌ی قورئانی پیرۆز ، و پشت لێ هه‌ڵنه‌كردنی ، له‌گه‌ڵ تێفكرین له‌ ماناكانی ، و تێڕامان له‌ مه‌به‌سته‌كانی ، وشاره‌زا بوون له‌ بابه‌ته‌ بیروباوه‌ڕییه‌كانی ، و زانینی حوكمه‌كانی . خوای گه‌وره‌ ده‌فه‌رموێت : ﴿ وَقَالَ الرَّسُولُ يَا رَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُوا هَذَا الْقُرْآنَ مَهْجُورًا ﴾ ( الفرقان : ٣٠ ) ، واته‌ : پێغه‌مبه‌ر ﷺ سكاڵا ده‌كات لای په‌روه‌ردگاری وده‌فه‌رموێت : په‌روه‌ردگارا به‌ڕاستی قه‌ومه‌كه‌م كه‌ منت بۆ ناردوون پشتیان له‌م قورئانه‌ هه‌ڵكردووه‌ وگرنگی پێ نادەن .

ابن كثير . ڕه‌حمه‌تی خوای لێ بێت . له‌ ڕاڤه‌ی ئه‌م ئایه‌ته‌ پیرۆزه‌دا ده‌فه‌رموێت : هاوه‌ڵ بڕیارده‌ران كاتێك كه‌ قورئانیان به‌سه‌ردا بخوێنرایه‌ ده‌ستیان ده‌كرد به‌ غه‌ڵبه‌غه‌ڵب و قسه‌ كردن ده‌رباره‌ی شتی تر بۆ ئه‌وه‌ی گوێیان لێ نه‌بێت ، ئه‌مه‌ جۆرێكه‌ له‌ پشت لێ هه‌ڵكردنی ( هجر ) ، و باوه‌ڕنه‌هێنان پێی و به‌درۆدانانی جۆرێكی تره‌ له‌ پشت لێ هه‌ڵكردنی ، و گوێ نه‌دان به‌ زانینی ماناكانی ، وئیش نه‌كردن و گوێڕایه‌ڵی نه‌كردنی فه‌رمانه‌كانی ودوور نه‌كه‌وتنه‌وه‌ له‌و شتانه‌ی كه‌ نه‌هی لێ كردووه‌ ، و وازهێنان له‌ قورئان و ڕووكردنه‌ شیعر وگۆرانی وگه‌مه‌ وگاڵته‌ وقسه‌ی پووچ یان هه‌ر ڕێگه‌یه‌كی تر كه‌ له‌ قورئانه‌وه‌ وه‌رنه‌گیرابێت ئه‌مانه‌ش جۆری ترن له‌ پشت لێ هه‌ڵكردنی قورئان .

وه‌ خوای گه‌وره‌ ده‌فه‌رموێت : ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا ﴾ (النساء : ٨٢) . وه‌ ده‌فه‌رموێت : ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا ﴾ (محمد : ٢٤) .

الشيخ عبد الرحمن السعدي . به‌ ڕه‌حمه‌ت بێت . له‌ ڕوونكردنه‌وه‌ی مه‌به‌ستی ئه‌م ئایه‌ته‌ پیرۆزه‌دا ده‌فه‌رموێت : ئه‌وه‌ بۆچی ئه‌وانه‌ی پشتیان هه‌ڵكردووه‌ له‌م قورئانه‌ بیر له‌ ماناكانی ناكه‌نه‌وه‌ و تێ نافكرن له‌ ماناكانی ؟ چونكه‌ ئه‌گه‌ر ئه‌وان له‌ماناكانی تێ بگه‌ن وبیری لێ بكه‌نه‌وه‌ ، ئه‌وا ڕێنماییان ده‌كات بۆ هه‌موو خێر و چاكه‌یه‌ك ، و له‌ هه‌موو خراپه‌یه‌ك ئاگاداریان ده‌كاته‌وه‌ ، و دڵه‌كانیان پڕده‌كات له‌ باوه‌ڕ و دڵنیایی ( یقین ) ، وه‌ ده‌یانگه‌یه‌نێته‌ پله‌ به‌رزه‌كان وبه‌هره‌ به‌نرخه‌كان ، وه‌ ئه‌و ڕێگه‌یه‌ پیشانیان ده‌دات كه‌ ده‌یانگه‌یه‌نێته‌ لای خوای گه‌وره‌ ، وبه‌هه‌شته‌كه‌ی ، و ئه‌و ڕێگه‌یه‌شی بۆ ڕوون ده‌كردنه‌وه‌ كه‌ ده‌یانگه‌یه‌نێته‌ دۆزه‌خ و به‌ چ شتێك خۆیانی لێ بپارێزن ، و خواكه‌شیانی پێ ده‌ناساندن ، و ناوه‌ جوان وسیفه‌ته‌ به‌رزه‌كانی پێ ئاشنا ده‌كردن ، و چاكه‌ كردنی ئه‌و خوایه‌ی بۆ ڕوون ده‌كردنه‌وه‌ر ، و په‌رۆشی ده‌كردن بۆلای پاداشته‌ گه‌وره‌كه‌ی ، و ده‌یترساندن له‌ سزا سه‌خت و به‌ ئازاره‌كه‌ی . وه‌ گوفتاری خوای گه‌وره‌ : ﴿ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا ﴾ واته‌ : یان دڵه‌كانیان داخراوه‌ له‌سه‌ر ئه‌و پشت هه‌ڵكردن وبێ ئاگاییه‌ی كه‌ تیایدان ، و به‌شێوه‌یه‌ك هیچ داخراوه‌ و هیچ خێر و چاكه‌یه‌ك ڕێگه‌ی نی یه‌ بچێته‌ ژووره‌وه‌ .

**م.دارا جبار . عربی**

# تاککردنەوەی خوا لە پەرستن دا

[ توحيد الألوهية ] ( باسی یەکەم )

ووشەی [ إلــه ] واتە : پەرستراو ، پەرستراویش واتە ئەو کەسەی کە لە دڵ دا زۆر شیرینە و شایستەی ئەو پەڕی خۆشەویستی و ملکەچی بۆ دەربڕینە ، وە تەواوی ترس و ئومێدی پێدەبرێت .

کەوابوو : کە دەوترێ خودا پەرستراوە و دەبێ بپەرسترێ ، ئەوا پێویستە دوو شتی بۆ ئەنجام بدەین :

یەکەم : ئەو پەڕی خۆشەویستی و ملکەچی بۆ دەربڕین .

دووەم : وە تەواوی ترس و ئومێدی پێ ببەین .

جا : دەربڕینی خۆشەویستی و ملکەچییەکە بەوە دەکرێ : پەیڕەوی لە بەرنامە و دینێك بکرێ کە خودا خۆی بۆ ئینسانی داناوە و ڕەوانەی کردووە . پەیڕەوکردنی ئەو بەرنامەیەش بەوە دەبێ : ئەوەی خوا فەرمانی پێ کردبێ جێبەجێ بکرێ و ئەوەی خوا قەدەغەی کردووە وازی لێ بهێنرێ .

وەهەروەها : دەرخستنی ترس و ئومێد بوونەکەش بەوە دەبێ : بۆ دەست کەوتنی خێر و خۆشی و لادانی زیان و ناخۆشی تەنها داوای کۆمەکی لە خوا بکرێ و بە تەنهاش پشت بە خوا ببەسترێ .

خوای پەروەردگار لە سورەتی [ الفاتحة ] دا دوای ئەوەی لەسێ ئایەتی یەکەم دا باسی ناسینی خۆیمان بۆ دەکات و [ الربوبية ] ی دەردەخات ، پاشان دێتە سەر ئەوەی کە ئێمەش دەبێت بڕیاری تەنها پەرستنی ئەو بدەین و بە تەنهاش ئەو بە پەرستراوی حەقی خۆمان بزانین ، بۆیە فێرمان دەکات کە تەنها خودا بە [ پەرستراو ] زانین بەوە دەکرێ : کە ئەو پەڕی خۆشەویستی و ملکەچی بۆ دەربڕین ، وە تەواوی ترس و ئومێدی پێ ببرێت . ئەمەش ئەوەیە کە خوای بەرزو بێ هاوتا دەفەرموێ : ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴾ ( الفاتحة : ٥ ) ، واتە : خوایە تەنها تۆ دەپەرستین و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی تۆ ئەکەین و هەر لە تۆش داوای کۆمەکی دەکەین .

﴿ إِيَّاكَ نَعْبُــدُ ﴾ واتە : ئەوەی خوا فەرمانی پێکردبێ جێبەجێ بکرێ و ئەوەی خوا قەدەغەی کردووە وازی لێ بهێنرێ . ئەمەش تەنها خوا بە ( فەرمانڕەوا و حاکم ) ی زانینە ، کە ئەوپەڕی خۆشەویستی و ملکەچی بۆ دەردەخات کە بریتیە لە پەرستنی .

﴿ وإِيَّاكَ نَــسْتَعِينُ ﴾ واتە: بۆ دەست کەوتنی خێر و خۆشی و لادانی زیان و ناخۆشی تەنها داوای کۆمەکی لە خوا بکرێ و بە تەنهاش پشت بە خوا ببەسترێ ، ئەمەش تەنها خوا بە ( فریاد ڕەس ) زانینە . کە ئەوپەڕی ترس لە خوا و ئومێد پێبوونی دەردەخات .

جا مادام : مەبەست بە [ پەرستراو ] ئەوەبێت کە ئەوپەڕی خۆشەویستی و ملکەچی بۆ دەربڕێت ، وە تەواوی ترس و ئومێدی پێببرێت .

کەواتە : [ توحيد الأوهيــة ] ، واتە : تاککردنەوەی خوایە لە پەرستندا ، ئەوەش بە :

یەکەم : دەربڕینی ئەوپەڕی خۆشەویستی وملکەچی بە تەنها بۆ خودا ، لەو خۆشەویستی و ملکەچ بوون دا هیچ کەس و شتێکی تر نەکرێتە شەریك و هاوبەشی .

دووەم : وە تەواوی ترس و ئومێد بەتەنها بە خوا ببرێت و لە ترس و ئومێد بوون دا هیچ کەس و شتێکی تر نەکرێتە شەریك و هاوبەشی .

جا هەرکات ئینسان بۆ دەست کەوتنی خێرو خۆشی و لادانی زیان و ناخۆشی تەنها داوای کۆمەکی لە خودا کرد و بە تەنهاش پشتی بە خوا بەست ، ئەوا بە تەنها ترس و ئومێدی بە خوا بووە ، بۆیە تەنها خودای بە [ پەرستراو ] ی خۆی زانیوە .

بەڵام ئەگەر ئینسان بۆ دەست کەوتنی خێر و خۆشی و لادانی زیان و ناخۆشی داوای کۆمەکی لەغەیری خوا بکات و پشت بە غەیری خوا ببەستێ ، ئەوا ترس و ئومێدی بۆ غەیری خوا دەربڕیوە . بۆیە غەیری خودای بە [ پەرستراو ] ی خۆی زانیوە . بەمەش بەشێك لە عیبادەت و پەرستنی بۆ غەیری

خودای ده‌ربڕیوه و دوچاری شه‌ریك و هاوبه‌ش بۆ خوا دانان بووه له عیبادەت وپەرستندا .

هـه‌روه‌ها هـه‌ركات ئینـسان تـه‌نها پـه‌یڕه‌وی دیـن و به‌رنامــه‌ی خــودای كـرد ، و ئــه‌وه‌ی خـودا فـه‌رمانی پێكردبوو جیٚ به‌جێی كرد ، و ئه‌وه‌ی خودا قه‌ده‌غه‌ی كردبوو وازی لیٚ هێناو پابه‌ندی دین و به‌رنامه‌ی هیچ كـه‌س و لایـه‌نێكی تـر نـه‌بوو ، ئـه‌وا ئـه‌و پـه‌ڕی خۆشه‌ویستی و ملكه‌چی به‌ته‌نها بۆ خودا ده‌ربڕیوه ، چونكه ته‌نها خودای به [ په‌رستراو ] ی خۆی زانیووه .

بـه‌لاٚم ئه‌گـه‌ر ئینـسان پـه‌یڕه‌وی دیـن و به‌رنامـه‌ی غه‌یری خودا بكات و ئه‌وه‌ی خودا فه‌رمانی پێكردبوو جیٚ به‌جێی نه‌كا و ئه‌وه‌ی خودا قه‌ده‌غه‌ی كردبوو وازی لیٚ نه‌هێنا ، ئه‌وا خۆشه‌ویستی و ملكه‌چی بۆ غـه‌یری خودا ده‌ربڕیوه . چونكه غه‌یری خودای به [ په‌رستراو ] ی خۆی زانیوه . به‌مه‌ش به‌شێكی تری لـه عیبـاده‌ت و په‌رسـتنی بـۆ غـه‌یری خـودا ئـه‌نجام داوه و دوچـاری شـه‌ریك و هاوبـه‌ش بـۆ خـوا دانـان بـووه لـه عیبـاده‌ت و په‌رستندا .

ئه‌مه‌ش سه‌باره‌ت به په‌رستراوێتی خودا ، كه یه‌كه‌م شتێكه خودا پێویستی كردبیٚ له‌سه‌ر به‌نده‌كانی بیزانن و باوه‌ڕی پیٚ بهێنن . چونكه په‌رستراوێتی خودا و ئه‌رك و وه‌زیفه‌ی ئینسان له بووندا په‌یوه‌ندی ڕاسته‌وخۆیان پێكه‌وه هه‌یه .

جا هه‌روه‌ك چۆن به‌هۆی ناسینی خوداوه ، ئینسان خۆی و بونـه‌وه‌ر و ژیان ده‌ناسـیٚ و ده‌زانـیٚ لـه كویٚ وه هاتووه و بۆ كویٚ ده‌چیٚ و سه‌ره‌نجامی به چی ده‌گات ، وه ئه‌گه‌ر بۆ لێكدانه‌وه‌ی خۆی و بوونـه‌وه‌ر و ژیانه‌كه‌ی په‌نا بۆ بیرۆكه وتێڕوانینی هه‌ر كه‌سێكی تر ببات جگه له خودا ئه‌وا ده‌ستی لـه ئه‌فسانه و خورافیات گیرده‌بیٚ و سه‌ری له به‌تاڵی و پوچه‌وه ده‌رده‌چیٚ .

جـا ئه‌گـه‌ر ئینـسان ڕووی لـه تـه‌نها په‌رسـتنی خـودا نه‌بوو ، ئه‌وه هیچ بیٚ ڕێزی وسپڵه‌یی به‌رامبـه‌ر بـه‌خودا نوانـدووه ، بـیٚ ئـه‌ده‌بی وگه‌مژه‌ییـشی نیـشان داوه به‌رامبـه‌ر بـه خـۆی و بونـه‌وه‌ر و ژیانه‌كـه‌ی ، چـونكه خــودی بوونه‌كــه‌یان شــتێكی پــوچ و بــیٚ حیكمــه‌ت ده‌رده‌چـیٚ ومانـا و بایـه‌خ و حیكمه‌ته‌كـه‌ی نـامێنیٚ و ده‌بنه شتی پوچ وپۆش !!

تێبینــی : درێــژه‌ی ئــه‌م باســه‌ش بــۆ زنجــیره‌ی داهاتوو إن شاء الله .

**هه‌تاو نوری . زانكۆی سلێمانی / كۆلێژی كشتوكاڵ**

**( ئه‌بو دوجانه ) به‌رگریكاری پێغه‌مبه‌ر ﷺ**

ئـه‌م هاوه‌ڵـه بـه‌ڕێزه جـوانترین وێنـه‌ی بـه‌رگری پێـشكه‌ش كـردووه بـه مێـژووی ئیـسلام ئـه‌ویش كاتێك كه لـه جه‌نگی ( ئوحود ) دا گیانی خـۆی بـه ماموٚستاكه‌ی فیـدا كـرد ، بـه شـێوه‌یه‌ك كـه سـنگی خۆی كردبووه قه‌ڵغان بۆ پێغه‌مبـه‌ر ﷺ وه نووكی ڕمه‌كان له سنگی توونـد ده‌بوو ، وه بـه بـه‌رده‌وامی ده‌جـه‌نگا تـاكو چـه‌نده‌ها پیـاوی نـاوداری لـه بـیٚ باوه‌ڕان كووشتووه .

زه‌یـدی كوڕی ئه‌سلم فه‌رموویـه‌تی : هه‌ندێك لـه خــه‌ڵك چــوونه‌ته ســه‌ردانی ئــه‌م هاوه‌ڵــه لــه‌كاتی سه‌ره‌مه‌رگ دا ده‌گێڕنه‌وه كه ناوچاوانی زۆر گه‌شاوه ، بــووه لێیــان پرســیووه كــه ڕه‌نــگ و ڕووت زۆر دره‌وشـاوه‌یه ؟ ئـه‌ویش فه‌رموویـه‌تی : دوو كـرده‌وه‌م هه‌بووه زۆر دڵم پێیان خۆشه ، ئه‌وانیش :

یه‌كـه‌میان : لـه شـتێكدا قـسه‌م نـه‌كردووه كـه په‌یوه‌ندی به‌منه‌وه نه‌بووبێت .

دووه‌میـان : دڵـم به‌رامبـه‌ر بـه موسـڵمانان زۆر پاك و بیٚ گـه‌ردبووه ( أخرجه ابن سـعد فی الطبقـات : ١٠٢/٢/٣ ) .

**م . بشتیوان محمد . عربی**

## پیاو وه‌كو ئافره‌ت نیه

﴿ وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالأُنثَى ﴾

**ده‌بیسترێت له زۆرێ له به ناو ڕۆشنبیره‌كانه‌وه كه ده‌ڵێن پیاو و ئافره‌ت هیچ جیاوازیه‌كیان نیه ، وه هه‌موو ئه‌و كارانه‌ی پیاوان ده‌توانن ئه‌نجامی بده‌ن ئافره‌تانیش به هه‌مان شێوه ده‌توانن ئه‌نجامی بده‌ن ، ئه‌م قسه‌یه به‌ڵگه‌یه له سه‌ر نه‌زانی ئه‌و كه‌سانه با بانگه‌شه‌ی زانست و ڕۆشنبیریش بۆ خۆیان بكه‌ن ، چونكه پێش چوارده سه‌ده و له سه‌رده‌مێكدا كه نه‌فامی و گومڕایی مرۆڤایه‌تی داپۆشیبوو ، وه هیچ ئامێرێكی پزیشكی پێشكه‌وتوو نه‌بوو ، خوای گه‌وره هه‌واڵی ئه‌وه‌ی به به‌نده‌كانی داوه كه پیاو و ئافره‌ت وه‌كو یه‌ك نین ، هه‌روه‌ك له قورئاندا هاتووه : ﴿ وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالأُنثَى ﴾ ( آل عمران : ٣٦ ) ، واته : نێرینه وه‌كو مێینه نیه .**

**ئه‌مه‌ش تانه‌دان نیه له ئافره‌تان به‌ڵكو داننانه به ڕاستیه‌كدا ئه‌ویش جیاوازی پێكهاته‌ی جه‌سته‌یی هه‌ردوو ڕه‌گه‌زه‌كه‌یه ، توێژینه‌وه و لێكۆڵینه‌وه پزیشكیه‌كانی ئه‌م سه‌رده‌مه‌ش ئه‌و ئایه‌ته‌یان پشتڕاست كردووه‌ته‌وه و ئه‌م جیاوازیانه‌ی خواره‌وه‌یان ئاشكرا كردووه كه له نێوان پیاو و ئافره‌تدا هه‌ن :**

**١ـ نیوه‌ی لای ڕاستی مێشكی پیاوان چالاكتره له نیوه‌ی لای چه‌پ ، به‌ڵام به پێچه‌وانه‌وه له ئافره‌تاندا نیوه‌ی لای چه‌پ چالاكتره له‌لای ڕاستی مێشك .**

**٢. قه‌د و باڵای ئافره‌تان تاوه‌كو ته‌مه‌نی نۆزده ساڵی زیاد ده‌كات ، به‌ڵام پیاوان تاوه‌كو ته‌مه‌نی بیست ساڵی .**

**٣. ڕێژه‌ی هیمۆگلۆبین له ئافره‌تاندا (١٢ـ١٤ ) گرامه بۆ هه‌ر (١٠٠) میللیلیترێك ، به‌ڵام ئه‌م ڕێژه‌یه له پیاواندا (١٦.١٤) گرامه .**

**٤ـ سی ئافره‌تان ( ٢،٤) سانتیمه‌تری سێجایه ، به‌ڵام هی پیاوان (٢،٣) سانتیمه‌تری سێجایه .**

**٥ـ ئافره‌ت له ڕۆژێكدا پێویستی به (٩) په‌رداخ ئاو ده‌بێت ، به‌ڵام پیاو پێویستی به (١٢) په‌رداخ ده‌بێت .**

**إدريس محمود . ك یاسا . ز . سلێمانی**

## مافی موسڵمان له‌سه‌ر موسڵمان

**وه‌ك دیاره خوای گه‌وره كه ئێمه‌ی دروستكردووه چه‌ند مافێكی داناوه بۆ ئه‌وه‌ی موسڵمان به‌رامبه‌ر به‌برا موسڵمانه‌كه‌ی ئه‌نجامی بدات ، وه ئاینی پیرۆزی ئیسلام چه‌ند ڕێگایه‌كی داناوه بۆ زیاتر پته‌وكردنی هه‌ستی برایه‌تی نێوان موسڵمانان و توند و تۆڵ كردنی گرێی خۆشه‌ویستی نێوانیان ، وه ئه‌گه‌ر مافه‌كانی برایه‌تی به‌جێبهێنن ئه‌وا ده‌بن به‌خۆشویستی یه‌كتر له‌به‌ر خودا وه له ئه‌نجامی ئه‌م خۆشه‌ویستیه‌ی نێوانیان چه‌ندین پاداشتیان ده‌ست ده‌كه‌وێ و چێژی ئه‌و برایه‌تیه‌یان ده‌كه‌ن له دنیا و له قیامه‌ت . وه مه‌به‌ست له‌به‌جێ گه‌یاندنی مافی موسڵمان به‌سه‌ر برا موسڵمانه‌كه‌یه‌وه ئه‌و مافانه‌یه كه ده‌بێت موسڵمان به‌رامبه‌ر برا موسڵمانه‌كه‌ی ئه‌نجامی بدات و به‌پێی توانا له‌بیری نه‌كات وه پێغه‌مبه‌ری ئازیزمان ﷺ له‌چه‌ند فه‌رمووده‌یه‌كدا زۆر به‌جوانی بۆمانی ڕوون كردۆته‌وه ، وه یه‌كێك له‌و فه‌رموودانه‌ش ئه‌مه‌یه كه ئێستا باسی لێوه ده‌كه‌ین .**

عن أبي هريرة رضي الله عنه قال : قال رسول الله ﷺ : " حق المسلم على المسلم ست " قالو : ماهُن يارسول الله ؟ قال : " إذا لقيه سلم عليه ، وإذا دعاهُ أجابه ، وإذا استنصح نصحهُ ، وإذا عطس فحمد الله يشمتهُ ، وإذا مرض عادهُ ، وإذا مات صحبهُ " ( رواه مسلم ) ، **واته : پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ فه‌رمووی : مافی موسڵمان له سه‌ر موسڵمان شه‌ش شته ، وتیان : ئه‌و شتانه چین ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ ؟ فه‌رمووی : ئه‌گه‌ر پێی گه‌یشت ئه‌وا سه‌لامی لی بكات ، وه ئه‌گه‌ر ده‌عوه‌تی كرد ئه‌وا وه‌ڵامی بداته‌وه ، وه ئه‌گه‌ر داوای ئامۆژگاری لێی كرد ئامۆژگاری بكات ، وه ئه‌گه‌ر پژمی و وتی ( الحمد لله ) ئه‌وا وعای بۆ بكات ، وه ئه‌گه‌ر نه‌خوش كه‌وت سه‌ردانی بكات ، وه ئه‌گه‌ر مرد شوێنی جه‌نازه‌كه‌ی بكه‌وێ .**

**زهراء محمد : ز. سلێمانی. پ كه‌لار . مێژوو**

## بۆ خەڵەتاندنی نەفسە نەك ڕازیكردنی عەقڵ

مرۆڤ ئەو دروستكراوە كۆمەڵایەتییە یە كە هەمیشە بۆ ژیان پێویستی بەكەسانی دەوروبەر و كۆمەڵگەكەی هەیە چونكە خوای گەورە وەها دروستیكردوون كە ژیان لەگەڵ یەكتردا بەسەربەرن وەكو لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەو ڕاستییەمان پیشان دەدات ودەفەرمێت : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ﴾ ( الحجرات : ١٣ ) .

بەجۆرێك كەژیان لە دەرەوەی كۆمەڵگادا ئەستەمە ئەمەش زۆر بەئاشكرایی وڕوونی لەئاینی ئیسلامدا بەدی دەكرێت هەروەك ووتراوە : " لا رهبانية في الإسلام " ، واتە : گۆشەگیری و دوور لەژیانی كۆمەڵگا ، لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا ڕێگەپێنەدراوە ، ئەمەش گونجان و واقعیەتی ئیسلام وخاڵێكی شانازیكردنیەتی لەلایەك و لەلایەكی تریشەوە هانی هەڵگرانی پەیامەكەی دەدات كە بەڕووی خەڵكدا بكرێنەوە و هاودەمی خۆشی وناخۆشیان بن تەنانەت ئەگەر ئەو تێكەڵاوبوونەشیان ئازاری هەبێت بۆیان ، بەڵام بەو مەرجەی لەچوارچێوەی شەرعدا بێت وەكو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت : " المؤمن الذى يخالط الناس ويصبر على أذاهم أعظم أجرا من المؤمن الذى لايخالط الناس ولايصبر على أذاهم " ( صحيح ابن ماجه : ١٣٣٨ ) ، واتە : ئەو باوەڕدارەی تێكەڵی خەڵك دەبێت و ئارام دەگرێت لەسەر ئەو زیانانەی كە بە هۆیانەوە دێنە ڕێی پاداشتی زۆرترە لەو باوەڕدارەی دوورەپەرێزە و تێكەڵی خەڵك ناكات و ئارام ناگرێت لە سەر زیانەكانیان .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاینی ئیسلام سنوری دیای كراوی خۆی هەیە وەكو خوای گەورە دەفەرمێت : ﴿ تِلْكَ حُدُودُ اللّهِ فَلاَ تَعْتَدُوهَا ﴾ ( البقرة : ٢٢٩ ) ، هەروەك چۆن هانی هەڵگران و پەروەردەكارانی دەدات بۆ چوونە ناو خەڵك و بەدەمەوە چوونیان لەو شتانەی بەڕەوای داناوە ، ئاواش ڕێگە دەگرێت لەتێكەڵاو كردنی كەسانی دەوروبەر كە ببێتەهۆی بەزاندنی ئەو سنورانە و سەرپێچیكردنی دانەرەكەی كە خوای كاربەجێیە ، هەرچەندە ژمارەی ئەو كەسانە زۆر بێت و ناڕازیش بن لە تێكەڵاو نەكردنیان وپابەندبوونیان بەئاینەكەیان چونكە خوای گەورە بە پێغەمبەرەكەی ﷺ دەفەرمێت : ﴿ وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِي الأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ اللّهِ ﴾ ( الأنعام : ١١٦ ) ، واتە : ئەگەر گوێڕایەڵی زۆرینەی خەڵكی ئارەزوو پەرستی سەر زەوی بكەی ئەوا لەڕێگەی ڕاست گومڕات دەكەن ، هەروەك چۆن ڕازیبوونی هەموو خەڵكی ئامانجێكە كەس پێینەگات ، وەكو ئیمامی شافعی دەفەرمێت : (( رضا الناس غاية لا تدرك )) هەر ئەم خاڵەشە زۆرجار وادەكات موسڵمانان بدرێنەبەر تۆمەت و تانە و تەشەرەی ئەوانەی كە پێوەریان بۆ ژیان تەنها هەوا و ئارەزووی دەروونی نەخۆشیانە ، ئەو تۆمەتانە كە بۆ هەڵخەڵەتاندنی نەفسە نەك بۆ ڕازیكردنی عەقڵ لە نمونەی ئەو تۆمەتانەش كە دەدرێنە پاڵ كەسانی پابەند بە ئاینەوە وەكو : ( ئاڵۆزە ، ودژوارە ، موعەقەدە ، گۆشەگیرە ، دوورەپەرێزە ، توندوتیژە ... هتد !!! ) هۆكاری ئەو تۆمەتانەش بەڕای من دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هۆشیاری ئاینی كە لە ئیسلامەوە هەڵقوڵابێت نەك لەنەیارانیەوە لەلایەكەوە و شوێن كەوتنی هەواو ئارەزووی دەروون نەخۆشان لەلایەكی ترەوە ، بۆیە لێرەوە ئامۆژگاریم بۆ فێرخوازانی زانكۆ ئەوەیە دەڵێم : ئەگەر خۆت پابەندی ئیسلام نیت و سنورە قەدەغەكراو و هێڵە سوورەكانی دەبەزێنیت ، ئەوا تۆمەتی پوچەڵ و بێ بنەما مەدەرەپاڵ ئیسلام ، و لەهەمان كاتیشدا مەبە بە بەربەست لەبەردەم پەیڕەوكارانی ، چونكە تۆمەتەكانی تۆ هیچ لە قورسایی ئیسلام كەم ناكاتەوە و هەرگیز توانای كوژانەوەی ئەو ڕووناكیەكەی ناكوژێنێتەوە وەك المتنبي شاعر دەڵێت :

فإذا أتتك مذمتي من ناقص فهي الشهادة لي بأني كامل

واتە : هەركاتێك كەسێكی خراپت بینی باسی منی كرد بەكەمی ، ئەوا گەواهی دانە بۆ تەواوێتی من .

جا لە كۆتاییدا و لەبەر ئەوەی كە خوای كاربەجێ دەفەرمێت : ﴿ وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنفَعُ الْمُؤْمِنِينَ ﴾ ( الذاريات : ٥٥ ) ، واتە : بەبیریان بهێنەرەوە چونكە بەبیر هێنانەوە سوود بەئیمانداران دەگەیەنێت ، ئەوا ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری ڕابەر ﷺ بەبیری خۆم وئێوەش دێنمەوە كە فەرموویەتی : " من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فليقل خيراً أوليصمت " ( صحيح إبن ماجة : ١٣١٣ ) ، واتە : ئەو كەسەی بڕوای بەخوا و ڕۆژی دوایی هەیە با خێر ( چاكە ) بڵێت ، یان بێدەنگ بێت .

پارێزەر .أحمد محمد

## گه‌نج و به‌ستنی په‌یوه‌ندی خۆشه‌ویستی

سه‌ره‌تای به‌ستنی زۆربه‌ی په‌یوه‌ندیه‌کان له‌ هاوڕێیه‌تیه‌وه‌ ده‌ست پێ ده‌کات !!! سه‌ره‌تا خۆی به‌ هاوڕێی داده‌نێ ودڵسۆزی و وه‌فاداری خۆی بۆ ده‌نوێنێ دواجار گۆڕینه‌وه‌ی ژماره‌ی مۆبایل دواتر گفتوگۆکردن له‌گه‌ڵ یه‌کدا !! ئه‌م قسه‌ ده‌یکه‌م له‌خۆمه‌وه‌ هه‌ڵی نابه‌ستم ، چونکه‌ ئه‌وه‌م به‌چاوی خۆم دیوه‌ سه‌ره‌تا به‌ناوی هاوڕێیه‌تی به‌یه‌که‌وه‌ بون و دواتر په‌یوه‌ندی خۆشه‌ویستی به‌ناو هاوڕێیه‌تیان به‌ستوه‌ !!!

بۆیه‌ ده‌ڵێم : کچی به‌ڕێز که‌ سومعه‌تی خۆت و خێزانه‌که‌ت به‌ده‌ست تۆوه‌یه‌ چۆن بڕوا به‌ که‌سێك ده‌که‌ی که‌تا دوێنێ هاوڕێت بوو وشه‌ی وه‌فاداری هاوڕێی بۆت باس ده‌کرد ئێستا داوای په‌یوه‌ندی خۆشه‌ویستیت لێ ده‌کا ؟! چۆن ئه‌مینی له‌سه‌ری کاتێك ئه‌و که‌سه‌ ئاماده‌ بوو خیانه‌ت له‌ وشه‌ی هاوڕێیه‌تی بکات ؟! چۆن ئاماده‌ نابێ جارێکی تر خیانه‌تت لێ نه‌کا ؟!!!

هه‌میشه‌ ئه‌و کوڕانه‌ی سه‌ره‌تا به‌ناو هاوڕێیه‌تیه‌وه‌ نزیك ده‌بنه‌وه‌ ، دواجار سه‌رده‌کێشێ بۆ په‌یوه‌ندی خۆشه‌ویستی چونکه‌ هه‌ندێك کوڕانی ته‌ڵه‌که‌باز خۆیان ده‌زانن چۆن تیره‌که‌یان ده‌وه‌شێنن و به‌ ناوی هاوڕێتیه‌وه‌ مه‌به‌ستی خۆیان ده‌پێکن و باسی وه‌فاداری و خیانه‌ت نه‌کردنی خۆشه‌ویستان ده‌کات و پاکی خۆی باس ده‌کاو مرۆڤ نابێ درۆ بکا و گاڵته‌ به‌ناموسی خه‌ڵك بکات و خۆمان دایك و خوشکمان هه‌یه‌ ئالەم جۆره‌ قسانه‌ ده‌کات وه‌کو له‌بیری کچه‌که‌ گومانی چاك دروست بکات ئینجا پێی ده‌ڵێ من تۆم ده‌وێ و نیازم پاکه‌و ئه‌مه‌وێ بتهێنم !!! هه‌زاران قسه‌ی بریقه‌داری تر تاڕازی ده‌کا !!!

به‌ڕاستی حه‌یفه‌ ناو و سومعه‌ت و چاره‌نووسی خۆت بده‌یته‌ ده‌ست که‌سێکه‌وه‌ وه‌کو خۆی چاره‌نوسی خۆی نازانێ تۆ چوزانی ڕاستت له‌ گه‌ڵ ده‌کا یان درۆ سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی که‌ هه‌موو په‌یوه‌ندیه‌ك پێش زه‌واج دروست نیه‌ و تاوانه‌ ، له‌وانه‌یه‌ بڵێی به‌قسه‌که‌یه‌وه‌ دیاره‌ ڕاستگۆیه‌ !! ده‌ی وانیه‌ چه‌ندان کوڕ به‌قسه‌ی مۆمیاکراو که‌ ناخیان پێچه‌وانه‌ بوه‌ و به‌و جۆره‌ قسانه‌ خۆیان به‌ڕاستگۆ ده‌رخستوه‌ !! که‌چی فریوی کچانیان داوه‌ !!! یان ناترسی له‌خوا له‌کاتێکدا وشه‌ی سۆزداری خۆشه‌ویستی له‌گه‌ڵ کوڕێکدا ده‌گۆڕێته‌وه‌ ، ( ملك الموت ) بێت و گیانت بکێشی ئه‌و کات له‌به‌رامبه‌ر خوا چی ده‌ڵێی ؟ هه‌روه‌کو خودای گه‌وره‌ ده‌فه‌رموێ : ﴿ فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لاَ يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلاَ يَسْتَقْدِمُونَ ﴾ ( سورة الأعراف : ٣٤ ) ، واته‌ : هه‌ریه‌کێکتان که‌ مردن ڕێگه‌ی پێ بگرێ ئه‌وا یه‌ك سه‌عات پێش و پاش ناخرێ .

یاخود گوناهو تاوان نیه‌ دایك و باوکت ئاگایان له‌هیچ نیه‌ تۆ له‌پشته‌وه‌ سه‌ریان ده‌بڕی و ناموسیان له‌که‌دار ده‌که‌ی ؟!! به‌ڕاستی جێگه‌ی داخه‌ کچان به‌ چه‌ندها کاتژمێر و به‌مۆبایل له‌گه‌ڵ هاوسۆزه‌کانیان قسه‌ ده‌که‌ن بێ ئه‌وه‌ی ئاگایان له‌و کاته‌ به‌نرخه‌ بێ که‌ بۆچی و له‌به‌ر چ شتی خراپ به‌فیڕۆی ده‌ده‌ن !!!

پێغه‌مبه‌ر ﷺ : " نِعْمَتَانِ مَغْبُونٌ فِيهِمَا كَثِيرٌ مِنَ النَّاسِ ، الصِّحَّةُ وَالْفَرَاغُ " ، واته‌ : دوو نیعمه‌تی خوا هه‌یه‌ زۆربه‌ی خه‌ڵك لێی بێ ئاگان ئه‌ویش ته‌ندروستی و ده‌س به‌تاڵیه‌ .

به‌ڕاستی کات زۆر گرنگه‌ ئه‌گه‌ر ناتوانی له‌شتی باش به‌کاری بێنی له‌شتی خراپ به‌کاری مه‌هێنه‌ بۆ پشت به‌و خوایه‌ت نابه‌ستی که‌ تۆی له‌ نه‌بونه‌وه‌ هێناوه‌ته‌ بوون و زه‌وی و ئاسمان ئه‌وه‌ی له‌ناویدایه‌ به‌توانای خۆی دروستی کردووه‌ ئایا ناتوانی که‌سێ بۆ تۆ بنێرێ به‌دڵی تۆ بێ ؟!!

به‌ڕاستی زۆرم پێ سه‌یره‌ خودا ئه‌قڵی پێداوین و که‌چی خۆمان ئه‌ده‌ینه‌ ده‌ست هه‌وا و ئاره‌زوه‌کانمان . ئه‌ی نازانی یه‌که‌م شت که‌ به‌چاك و خراپ شایه‌تیت له‌سه‌ر ده‌دا ئه‌و زه‌وییه‌ که‌ له‌سه‌ری سه‌رپێچی خودا ده‌که‌ی ؟! ئه‌ی چی ده‌ڵێی له‌کاتێکدا تۆ به‌ناوی دڵداریه‌وه‌ له‌گه‌ڵ کوڕدا به‌چه‌ندین کاتژمێر داده‌نیشی و قسه‌ی سۆزداری ده‌که‌ی ؟!!

ئه‌مه‌ش به‌زۆری له‌زانکۆ و په‌یمانگاکاندا ڕوو ده‌دات که‌ ئه‌بنه‌ جێی توانج وقسه‌ی خه‌ڵك ، و له‌وانه‌شه‌ گه‌نجێك بکه‌وێته‌ ژێر کاریگه‌ری تۆ ، وه‌ ئه‌ویش هه‌وڵ بدا ئه‌و کاره‌ خراپه‌ ئه‌نجام بدات به‌هۆی لاسایی کردنی بۆ تۆ ، به‌ڕاستی هه‌رکه‌س چاولێکه‌ر بێت له‌ که‌سێکه‌وه‌ به‌چاك یان خراپ بۆ ئه‌و که‌سه‌ ده‌نوسرێ له‌لای خودا ده‌با تۆ له‌و که‌سانه‌ نه‌بی که‌بڵاوکه‌ره‌وه‌ی خراپه‌ن .

**نیان : ز . سلیمانی / خانقین . جوغرافیا**

## بانگه‌واز بۆ خاچ په‌رستن ( ئه‌لقه‌ی دووه‌م )

## ناسین و ئامانجیان

**پێناسه‌ی به‌ خاچ په‌رست کردن :** بریتی یه‌ له‌ بانگکردنی خه‌ڵك بۆ په‌رستنی خاچ و چوونه‌ نێو دینی خاچ په‌رستان ، ئه‌وه‌ی وه‌لامیان نه‌داته‌وه‌ ده‌رچووه‌ له‌ دینه‌که‌یان ، به‌تایبه‌ت موسوڵمان [1] .

یان : بزوتنه‌وه‌یه‌كی ئاینی سیاسی خاچ په‌رستانه‌ ، له‌ پاش شكستی جه‌نگی خاچ په‌رستان سه‌ری هه‌ڵداوه‌ [2] ، و له‌ نێو هه‌موو گه‌لانی دونیا به‌گشتی و گه‌لانی موسوڵمان به‌تایبه‌تی ده‌ستی داوه‌ته‌ بانگه‌شه‌كردن ، به‌مه‌به‌ستی ژێرده‌سته‌ كردنی ئه‌م نه‌ته‌وانه‌ [3] .

**ئامانجیان :** په‌روه‌ردگارمان ئاگاداری كردوینه‌ته‌وه‌ كه‌ ئه‌وانه‌ بێباوه‌ڕن به‌ به‌ڵگه‌كانی خوا ، وه‌ بێ به‌ڵێنن ، وه‌ بكوژی پێغه‌مبه‌رانن و مۆرك دراوه‌ له‌سه‌ر دڵیان و كه‌مێكیان نه‌بێت ئیمان ناهێنن به‌ ئاینی پارێزراوی ئیسلام . هه‌روه‌ك خوا ئه‌فه‌رموێ : ﴿ فَبِمَا نَقْضِهِمْ مِيثَاقَهُمْ وَكُفْرِهِمْ بِآيَاتِ اللَّهِ وَقَتْلِهِمُ الْأَنْبِيَاءَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَقَوْلِهِمْ قُلُوبُنَا غُلْفٌ بَلْ طَبَعَ اللَّهُ عَلَيْهَا بِكُفْرِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُونَ إِلَّا قَلِيلًا ﴾ ( سورة النساء: ١٥٥ ) . واته‌ : ئه‌وجا له‌به‌ر په‌یمان شكاندنیان و باوه‌ڕنه‌بوونیان به‌نیشانه‌كانی خوا و له‌ ناهه‌ق كوشتنی پێغه‌مبه‌ران و گوته‌یان : ئێمه‌ دڵمان داخراوه‌ ، نا دڵیان دانه‌خراوه‌ ، هه‌ر خوا خۆی دڵی مۆر كردون چونكه‌ خه‌ڵكانێكی ناله‌بارن ، ئیتر به‌شێكی كه‌میان نه‌بێت باوه‌ڕ ناهێنن .

ئه‌توانین ئامانجه‌كانیا پۆلێن بكه‌ین به‌م شێوه‌یه‌ :

١. لادانی خه‌ڵكی له‌سه‌ر ڕێگای ڕاستی ئیسلام ، به‌ڵگه‌ش : ﴿ يَشْتَرُونَ الضَّلَالَةَ وَيُرِيدُونَ أَنْ تَضِلُّوا السَّبِيلَ ﴾ ( سورة النساء : ٤٤ ) .

٢. بۆ ئه‌وه‌ی دینی په‌روه‌ردگار خوار بكه‌ن و پشتگوێی خه‌ن و بێ سه‌روبه‌ری بكه‌ن ، بێ ئاگا له‌وه‌ی ئاینی ئیسلام خوا خۆی ده‌یپارێزێ و زایه‌ی ناكات [4] ، وه‌ك ئه‌فه‌رموێت : ﴿ الَّذِينَ يَسْتَحِبُّونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا عَلَى الْآخِرَةِ وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا ﴾ ( سورة إبراهيم : ٣ ) .

٣. بۆ ئه‌وه‌ی موسڵمانان شوێنیان بكه‌ون به‌ڵگه‌ش : ﴿ وَلَنْ تَرْضَى عَنْكَ الْيَهُودُ وَلَا النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ ﴾ ( سورة البقرة: ١٢٠ ).

٤. ئه‌یانه‌وێ میلله‌تانی موسڵمان هه‌ڵگه‌ڕێننه‌وه‌ له‌ دینه‌ ڕاسته‌قینه‌كه‌یان ، په‌روه‌ردگار ئه‌فه‌رموێ : ﴿ وَدُّوا لَوْ تَكْفُرُونَ كَمَا كَفَرُوا فَتَكُونُونَ سَوَاءً ﴾ (سورة النساء : ٨٩) هه‌روه‌ها : ﴿ وَدَّ كَثِيرٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُمْ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِهِمْ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْحَقُّ ﴾ (سورة البقرة: ١٠٩) .

٥ . جه‌خت كردنه‌وه‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ هۆكاری ئازاردانی موسوڵمانه‌ ، و ده‌بێته‌ هۆی قورس كردنی ژیانیان ، و فه‌سادكردنی ڕه‌وشی ژیانیان ، په‌روه‌ردگار ئه‌فه‌رموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا بِطَانَةً مِنْ دُونِكُمْ لَا يَأْلُونَكُمْ خَبَالًا وَدُّوا مَا عَنِتُّمْ قَدْ بَدَتِ الْبَغْضَاءُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ وَمَا تُخْفِي صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ ﴾ (سورة آل عمران: ١١٨) .

٦ .ئاشوب دروست كردن بۆ موسڵمانان ، و فێڵ لێ كردنیان ، و ژێرخستنیان ، و په‌ك خستنی دینیان ، ئه‌گه‌ر به‌ته‌واویش ئه‌مه‌یان بۆ نه‌چێته‌ سه‌ر هیچ نه‌بێت ماوه‌یه‌ك بخایه‌نێ ( انظر تفسير القرآن العظيم ، جـــ ٢، ص: ٣٦١ ) په‌روه‌ردگار ئه‌فه‌رموێ : ﴿ يَبْغُونَكُمُ الْفِتْنَةَ ﴾ (سورة التوبة: ٤٧) .

ده‌بینین هه‌ركاتێك بانگخوازانیان نوسراو بڵاو ده‌كه‌نه‌وه‌ ، یان ئه‌وه‌ی نوسراوه‌ و بڵاوكراوه‌ته‌وه‌ له‌ نێو موسوڵمانانندا ، بۆمان ده‌رده‌كه‌وێ كه‌ ئامانجیان لێره‌ و له‌وێ له‌و خاڵانه‌ی سه‌ره‌وه‌ ده‌رناچێ .

ئه‌مانه‌ش هه‌ستیارترین ئامانجه‌كانیانن :

١ ـ په‌رته‌وازه‌ كردنی یه‌كڕیزی موسڵمانان .

---

[1] أصول التنصير في الخليج ، تأليف هـــ. كونوي زيقلر ، ترجمة مازن مطبقاني ، ص: ٧.

[2] هه‌ندێك له‌ نووسه‌ران وا ده‌بینن ، له‌و سه‌رده‌مه‌وه‌ ده‌ستیان پێ كردووه‌ .

[3] الموسوعة الميسرة ، ص : ١٥٩.

[4] **بڕوانه** : تفسير ابن كثير ، جــ٢ ، ص : ٥٢٢ .

٢ ــ نەهێشتنی هەیمەنەی موسڵمانان و سەرکەوتنی خۆیان و هەڵلوشینی سەروەت و سامانی وڵاتان .

نەوەی موسوڵمان دەبینی ئامانجەکانیان دەرناچێت لەوەی کە لەو ئایەتە پیرۆزانە خراونەتە ڕوو ، خۆت و هیمەتت ، بزانین چەند پابەند دەبیت بە دینەکەتەوە . ( التنصير مفهومه وأهدافه ، تأليف د. علي النملة ، ص : ٣٣ ) .

**بلال جلال .ز .سلیمانی .فیزیا**

## گرنگی زانست و کارپێکردنی لەئیسلامدا

لای هەموو موسڵمانێك ئاشکرایە کە زانست و فێربوون چەندە گرنگە و چەندە پێویستە ئەوەتا گومڕایان و سەرلێشێواوان کە لەناو ئوممەتی ئیسلامین عیلم و مەعریفەتیان کردووە بەچەکێك و ڕوویان لەو موسڵمانانە کردووە کەوا هیچ شتێك دەربارەی ئایینەکەیان نازانن .

بەڕاستی هەقیانە چونکە هەندێك لە موسڵمانان ئایینەکەیان پشت گوێ خستووە ، و تەنها دوای شتە پڕوو پوچەکان دەکەون و دواتر سەریان لێ دەشێوێنرێت و گومڕا دەبن ، ناچن بیروباوەڕی خۆیان لە دینی خوا و سوونەتەکانی پێغەمبەرەکەیان ﷺ بەدەست بهێنن .

ئەوەتا خوای گەورە یەکەمین ئایەت کە دایبەزاند ﴿ اقْـــرَأْ ﴾ بوو ، وە لەچەندین سورەتی قورئاندا ئاماژەی بە زانست کردووە لەوانە : ﴿ وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا ﴾ ( طه : ١١٤ ) ، وەجگە لەمەش لەزۆر شوێنی تردا باسی زانستی کردووە .

وە پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەیەکدا کە موعاویەوە رضي الله عنه دەیگێڕێتەوە ، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " من يرد الله به خيرا يفقه في الــدين " ( متفــق عليــه ) ، واتە : خوای گەورە ئەگەر چاکەو خێری بۆ هەرکەسێك بوێت ئەوا شارەزای دەکات لەدین . هەروەها قازی بەناوبانگی شاری بەغداد ( ئەبو یوسف ) دەڵێت : " لەمەجلیسی زانای پایە بەرز ( ئەبو حەنیفە ) دانیشتبووم هەواڵیان دامێ کە کوڕەکەم مردووە منیش یەکێکم سپارد بە ناشتنی ( دفن ) کردنی کوڕەکەم بۆ ئەوەی خۆم لەمەجلیسی ( ئەبو حەنیفە ) هەڵنەسم و لەزانستەکەی بێبەش نەبم " [١] .

بەڕاستی ئەوەیە هەوڵدان بۆ فێربونی زانست و زانیاری چونکە زانست پێویستی بەهەوڵدانە و دەبێت لەپێناویدا ماندوو ببیت تافێر دەبیت .

وە دەگێڕنەوە کە ڕۆژێکیان پرسیار کرا لە ( أبو الدرداء ) : باشترین شت چیە کەخوا ئەیبەخشێ بە بەندەکانی ؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی : " زانستێکی فراوان " [٢] بەڕاستی وایە ، باشترین شتێك کەخوا بیبەخشێ بە بەندەکانی فێربوونی زانستە .

بەڵام بەمەرجێك لەگەڵ زانستەکەدا دەبێت کردەوەی هەبێت واتە کارکردن بەو زانستە .

بۆیە یەکێك لەو ووتە بەنرخانەی کە دەتوانین سودی لێ وەربگرین ئەم وتەیەی ئیمامی ( عومەر ) ە رضي الله عنه کە دەفەرموێت : " زانست فێربن ، بۆ فێربونی زانست هێمنی و لەسەرخۆیی پێویستن ، خۆبەکەم بگرن بەرامبەر بەوەی لای فێر دەبن بۆ ئەوەی ئەوانەی لەئێوەوە فێردەبن خۆبەکەم بگرن ، لەزانا زۆردارەکان مەبن بازانست و نەفامیتان تێکەڵ نەبێت " [٣] .

**هیوا زیرەك : ك.پ.کەلار . کوردی .**

---

[١] پەندو ئامۆژگاری لەبەسەر هاتی پیاوچاکان (محمد محسين) .

[٢] هەمان سەرچاوە٢.

[٣] شکۆمەندان لەژیان و وتەی سەحابە و تابیعین (ڕەزای خوایان لێبێت) (حمید موستەفا) .

## هەندێك لە هەڵوەشێنەرەوەكانی ئیسلام

١.هاوبەش بڕیاردان بۆ خوای پەروەردگار لە پەرستندا لەوانە سەربڕین بۆ جگە لەخوا ، خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ اللّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاء وَمَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْمًا عَظِيمًا ﴾ ( سورة النساء : ٤٨ ) . واتە : بێگومان خوا لە هاوبەش بڕیاردان خۆش نابێت ، بەڵام لە هەموو گوناهێكی تر خۆش دەبێت بێجگە لە هاوبەش بڕیاردان بۆ هەركەسێك خۆی بیەوێت ، هەر كەسێكیش هاوبەش دابنێ بۆ خوا بەڕاستی گوناهێكی گەورەی كردووە .

٢.كەسێك شتانێك بكاتە وەسیلە لە نێوان خۆی و خوا و داوایان لێبكات و بیانكاتە هۆی نزیك بونە وە لەخوا ، خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ هَـؤُلاء شُفَعَاؤُنَا عِندَ اللّهِ ﴾ ( سورة یونس : ١٨ ) . واتە : ئەوانەی ( كە دەیان پەرستین ) لای خوا تكاكارمان دەبن .

٣.كەسێك هاوبەش بڕیاردەران بە بێ باوەڕ نەزانێت یان گومان لەبێ باوەڕیان بكات یان بیروباوەڕیان بەڕاست بزانێت ئەوە بە كۆ دەنگی زانایان لە ئایین دەرچووە .

٤.كەسێك باوەڕی وابێت جگە لە ڕێگەی ڕاستی پێغەمبەر ﷺ ڕێگەیەكی ڕاستتر هەیە !! یان فەرمانی مرۆڤێك لە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ بە ڕاست تر بزانێت ، وەك ئەوانەی دەسەڵاتی گومڕابوەكان لە دەسەڵاتی پێغەمبەر ﷺ بەباشتر دەزانن .

٥.كەسێك ڕقی لەشتێك بێتەوە كە پێغەمبەر ﷺ ی پێهاتوە ئەگەرچی كاریشی پێبكات ، لە بەر ووتەی خوای پەروەردگار : ﴿ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَالَهُمْ ﴾ ( سورة محمد : ٩ ) ، واتە : ئەوەش لەبەر ئەوەیە كەبەڕاستی ئەوان ڕقیان لەوپەیامە دەبووەوە كە خودا دایدەبەزاند جا خوایش كارەكانیانی هەڵوەشاندەوە .

٦.كەسێك گاڵتە بكات بەشتێك لەئاینی پێغەمبەر ﷺ یان گاڵتەكردن بەپاداشت و سزای ڕۆژی دوای ، هەروەكو خوای پەروەردگار دەفەرمووێت : ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِاللّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِؤُونَ لاَ تَعْتَذِرُواْ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ ﴾ ( سورة التوبة : ٦٥ ــ ٦٦ ) . واتە : ئەگەر لێیان بپرسیت سەبارەت بە گاڵتەكردن بەخوا و ئایەتەكانی و پێغەمبەری خوا ﷺ ، لە وەڵامدا ئەڵێن : بەڕاستمان نەبو بەڵكو تەنها گاڵتە و گەپمان دەكرد ، پێیان بڵێ ئایا گاڵتەتان بە خوا و بە پێغەمبەرەكەی دەكرد ؟! بڕوبیانو مەهێننەوە بەڕاستی ئێوە بێباوەڕبون دوای ئەوەی ئیمانتان هێنابوو .

٧.جادو ( سحر ) كە لە جۆرەكانی : گۆڕینی ئارەزوی مرۆڤ بەشتێك لە كارە سیحریەكان وەك گۆڕینی خۆشەویستی نێوان ژن و مێرد بۆ ڕق و كینە وەكو ( نوشتەی تاڵ و شیرینی ) وە یان خۆشەویست كردنی شتێكی ناشەرعی لەلای موسڵمانان ، وە هەر كەسێ ئەو كارەبكات یان پێی ڕازی بێت بەڕاستی بێباوەڕ دەبێت .

٨.پشتیوانی كردنی بێباوەڕان و یارمەتی دانیان بەسەر مسوڵمانانیدا ، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاء بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴾ ( سورة المائدة : ٥١ ) . واتە : ئەی ئیمانداران جولەكە و خاچ پەرستان مەكەن بە دۆست و پشتیوانی خۆتان ، چونكە ئەوان هەندێكیان دۆستی هەندێكی تریانن ، وە هەر یەكێك لە ئێوە ئەوان بە دۆست و خۆشەویست دابنێ ئەوە لەوانە ، بێگومان خوا ڕێنمایی گەلی ستەمكار ناكات .

٩. كەسێك باوەڕی وابێت خەڵكی ئازادە و دەتوانن لە ئایینی ئیسلام دەربچن بۆ ئایینێكی تر ئەوا بێ باوەڕبووە .

١٠.پشت هەڵكردن لە ئاینی خوا : ئەوەیە كەسێك نە هەوڵ ئەدات فێر بێت و نەكاریشی پێ دەكات ،

خوای په‌روه‌ردگار ده‌فه‌رموێت : ﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِآيَاتِ رَبِّهِ ثُمَّ أَعْرَضَ عَنْهَا إِنَّا مِنَ الْمُجْرِمِينَ مُنتَقِمُونَ ﴾ ( سورة السجدة : ٢٢ ) ، واته : كێ له‌وه كه‌سه سته‌م كارتره كه ئایه‌ته‌كانی خوای به‌سه‌ردا ده‌خوێنرێته‌وه و دوای پشتی لێهه‌ڵ ده‌كات بێگومان تۆڵه له‌سته‌م كاران ده‌سێنین .

**هۆشمه‌ند أمين. ز. كۆیه . عربی / قه‌ڵادزێ**

## ڕاستكردنه‌وه‌ی مێژوو له‌ ژێر ڕۆشنایی قورئاندا

ئه‌گه‌ر سه‌یرێكی مێژوو بكه‌ین به‌ شێوه‌یه‌كی گشتی و به‌ تایبه‌تی ئه‌و مێژووه‌ی كه‌ باسی سه‌ره‌تای په‌یدابوون و دروست بوونی مرۆڤ و چۆنیه‌تی هه‌ڵسوكه‌وتیان ده‌كات ، كه‌ مرۆڤ له‌و كاته‌دا هیچیان نه‌زانیوه‌ له‌ ئاخاوتن و خواردن وخێزانداری و كۆمه‌ڵایه‌تی و په‌رستن و ... هتد ، كه‌ ئه‌مانه‌ هه‌مووی به‌ هێما یان به‌ ئیشاره‌ت بۆ كردن كراون ، ئه‌ی باشه‌ ئه‌گه‌ر له‌ كاتی تاریكی یان كه‌ ڕوویان له‌ یه‌كتری نه‌بوایه‌ چۆن و به‌ چ شێوه‌یه‌ك له‌ یه‌كتری ده‌گه‌ یشتن ؟ ئه‌مانه‌ و چه‌ندان شتی تر كه‌ باس له‌و مێژووه‌ ده‌كات ، به‌بێ ئه‌وه‌ی سه‌یرێكی قورئان بكه‌ن یان وه‌كو سه‌رچاوه‌یه‌ك به‌ كاری بهێنن كه‌ گه‌وره‌ترین سه‌رچاوه‌یه‌ بۆ پشت پێ به‌ستن له‌ هه‌موو ڕوویه‌كه‌وه‌ ، هه‌روه‌ها زۆر به‌ وردی باسی له‌ دروست بوونی سه‌ره‌تای مرۆڤ و باپیره‌ گه‌وره‌ی مرۆڤایه‌تی كردووه‌ كه‌ ( ئادم ) ه‌ عليه السلام .

### قورئان و ڕاستكردنه‌وه‌ی مێژوو

خوای په‌روه‌ردگار له‌ قورئاندا ده‌فه‌رموێت : ﴿ وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَآءَ كُلَّهَا ﴾ ( البقرة : ٣١ ) ، شێخ ( عبدالرحمن بن ناصر السعدي ) له‌ ته‌فسیری ئه‌م ئایه‌ته‌دا ده‌فه‌رمویت : (( أي : أسماء الأشياء ، ومن هو مسماً بها ، فعلمه الاسم والمسمى ، أي الألفاظ والمعاني )) ، واته‌ : خوای گه‌وره‌ ناوی هه‌موو شته‌كانی فێری ئاده‌م ـ عليه السلام ـ كردوه‌ ، وه‌ ئه‌و شته‌ش كه‌ ناوه‌كه‌ی لێنراوه‌ ، واته‌ ناو و ناولێنراو .

كه‌وابوو مادام ئاده‌م یه‌كه‌م مرۆڤه‌و هه‌موو ناوه‌كانی زانیبێ چ پێویست به‌ ئیشاره‌ت و هێما ده‌كات بۆ كه‌سانی ده‌وروبه‌ری ؟

وه‌ خوای گه‌وره‌ بۆ هه‌موو گه‌ل و نه‌ته‌وه‌یه‌ك له‌ سه‌ر ڕووی ئه‌م زه‌مینه‌ په‌یامبه‌رێكی ( رسول ) ڕه‌وانه‌ كردوه‌ ، وه‌ك خوای گه‌وره‌ ده‌فه‌رموێت : ﴿ وَلَقَد بَعَثنا في كُلِّ أُمَّة رَسُولا أنِ اعبُدُاللّه وَاجتَنِبُواالطاغوت ﴾ ( النحل : ٣٦ ) ، واته‌ : به‌ ڕاستی بۆ هه‌موو گه‌ل و نه‌ته‌ویه‌ك په‌یامبه‌رێكمان ناردووه‌ ، بۆ ئه‌وه‌ی به‌ته‌نها خوا بپه‌رستن و دوور بكه‌ونه‌وه‌ له‌ ئه‌نجامدانی په‌رستن بۆ غه‌یری خوا .

وه‌ هه‌روه‌ها له‌ گه‌ڵیاندا چه‌نده‌ها په‌ڕاو و كتێبی ئاسمانی ناردووه‌ ، وه‌ك : ( صحف ، زبور ، انجيل ، توراة ، قورئان ) هتد ، له‌مه‌وه‌ فێری نوسین و خوێندنه‌وه‌ش بوون نه‌ك هه‌ر هێما بۆكردن .

هه‌روه‌ها خوای گه‌وره‌ له‌ قورئانی پیرۆزدا باسی گفتوگۆی پێغه‌مبه‌ران ـ سه‌لامی خوایان لێبێت ـ له‌گه‌ڵ قه‌ومه‌كانیان ده‌كات ، یه‌كه‌میان پێغه‌مبه‌ر نوحه‌ ـ عليه السلام ـ كه‌ به‌ شه‌و و ڕۆژ و به‌ نهێنی و ئاشكرا بانگی گه‌له‌كه‌ی كردوه‌ .

وه‌ كه‌ به‌ ووردی سه‌یری قورئان بكه‌ین ئه‌م حه‌قیقه‌ته‌ باشتر و زیاتر بۆمان ڕوون ده‌بێته‌وه‌ .

**محمد خدر إسماعیل . ز.كۆیه‌ .عربی . قه‌ڵادزێ**

## له‌ ئادابه‌ كانی چونه‌بازاڕ بۆ خوشكان

الحمد لله ، والصّلاة والسّلام على رسول الله ﷺ ، أما بعد :

**خوشكی موسڵمان ، ئه‌مانه‌ كۆمه‌ڵێك ئامۆژگاری به‌نرخ و پێویستن ، چونكه‌ كۆمه‌ڵێك ئادابن ده‌بنه‌ هۆی پاراستنی پاكی و گه‌وره‌ییت له‌ بازاڕه‌كاندا ، وه‌ وات لێ ده‌كه‌ن ئیشی بازاڕی خۆت به‌ پارێزراویه‌وه‌ بكه‌ی دوور له‌ ئازاری خه‌ڵكانی ئاره‌زوو په‌رست .**

**بازاڕه‌كان بوغزاوترین شوێنن به‌لای خوای گه‌وره‌وه‌ ، هه‌روه‌كو پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌رمویه‌تی : " خۆشترین شوێن به‌لای خوای گه‌وره‌وه‌ مزگه‌وته‌كانن ، وه‌ ناخۆشترین شوێنیش به‌ لایه‌وه‌ . سبحانه وتعالى . بازاڕه‌كانن )** ( رواه مسلم ) **، وه‌ شوێنێكیش كه‌ به‌لای خوای گه‌وره‌وه‌ ناخۆش بێت پێویسته‌ هه‌نگاوی بۆ نه‌نرێت مه‌گه‌ر بۆ پێویستیه‌كی زۆر پێویست نه‌بێت یان كه‌سێكی تر نه‌بێت ئه‌و كاره‌ت بۆ جێبه‌جێ بكات ... بۆیه‌ :**

**وریابه‌ به‌ ته‌نها مانه‌وه‌ت له‌گه‌ڵ سایه‌قدا له‌ كاتی ده‌رچونت بۆ بازاڕ ، چونكه‌ هه‌ر پیاو و ئافره‌تێك به‌ته‌نها كۆنه‌بونه‌وه‌ به‌یه‌كه‌وه‌ ، ئیللا شه‌یتان سێهه‌م كه‌سیان بووه‌ ..**

**بالاپۆشی .. بالاپۆشی .. چونكه‌ بالاپۆشه‌كه‌ت پارێزه‌رته‌ له‌ تێڕوانینی خاوه‌ن دڵه‌ نه‌خۆشه‌كان .. وه‌ پارێزه‌ریشته‌ له‌ ئه‌زیه‌تیان .. وه‌ یارمه‌تی ده‌ریشته‌ له‌ سه‌ر داوێن پاكی .. بۆیه‌ چاودێری بكه‌ هه‌ر وه‌كو خوا فه‌رمانی كردووه‌ ..**

**وریابه‌ له‌ بۆن له‌ خۆت دان چونكه‌ هۆكاری فیتنه‌یه‌ پێغه‌مبه‌ر ﷺ ده‌فه‌رموێ : " به‌ڕاستی كاتێك كه‌ ئافره‌ت بۆنی له‌ خۆی داو ڕۆیشت به‌لای مه‌جلیسێكدا ئه‌وا زینا كاره‌ "** ( صحيح الجامع : ٣٢٣ ) **. په‌نا به‌ خودا .**

**بیرت نه‌چێت كه‌ قاچه‌كانت به‌شێكن له‌جه‌سته‌ت ، بۆیه‌ سوربه‌ .** بارك الله فيك **. له‌ سه‌ر داپۆشینی قاچه‌كانت به‌ باشترین شێوه‌ ، وه‌ك : به‌ عه‌بای درێژ و تێر و ته‌سه‌ل .**

**وریابه‌ له‌ كه‌وتنه‌ ناو قسان و نه‌رم كردنیان له‌گه‌ڵ فرۆشیار ، چونكه‌ ئه‌م شێوازه‌ هۆكاری ئاشوبه‌ و خوای گه‌وره‌ش قه‌ده‌غه‌ی كردووه‌ و فه‌رمویه‌تی :** ﴿ فَلَا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ ﴾ ( الأحزاب : ٣٢ ) **، واته‌ : له‌ كاتی گفتوگۆكردنتان له‌ گه‌ڵ پیاواندا قسه‌كانتان نه‌رم و ناسك مه‌كه‌ن چونكه‌ ده‌بێته‌ هۆی ئه‌وه‌ی دڵ نه‌خۆشان نیازی خراپ به‌رامبه‌رتان بكه‌ن .**

**مه‌چۆره‌ شوێنێك ( محل ) كه‌ كڕیاری تری تێدا نه‌بێت ، چونكه‌ ئه‌و شێوازه‌ چاكتره‌ بۆ دینداریت و دوورخه‌ره‌وه‌ی ئاشوبیشه‌ ، به‌ڵكو هه‌وڵبده‌ له‌گه‌ڵ مه‌حره‌مێكت بچیته‌ ئه‌و شوێنانه‌ ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌ش نه‌بوو به‌ هاوڕێیه‌تی ئافره‌تان ، یان هه‌ر نا چاوه‌ڕێ كه‌ تا بێجگه‌ له‌تۆ ده‌چێته‌ ژووره‌وه‌ ئه‌مه‌ش هه‌موی له‌ پێناوی خۆ به‌ دوور گرتنته‌ له‌ به‌ ته‌نهایی به‌یه‌كه‌وه‌ مانه‌وه‌ .**

**سه‌نگینی و ڕێزی خۆت پیشانی فرۆشیار بده‌ له‌ كڕینتدا چونكه‌ كه‌وات كرد وبینی شێوازی قسه‌ كردنت شكۆ و سامی لێ ده‌تكێته‌وه‌ هۆشی جێگیر ده‌بێت ، و جورئه‌تی ئه‌وه‌ش ناكات كه‌ دڵ نه‌ خۆش ده‌كات له‌ كردار و گوفتاردا .**

**كاتێك كه‌ ویستت سه‌یری ئه‌و شته‌ بكه‌ی كه‌ ده‌ته‌وێت بیكڕی ، ئه‌وا با به‌شێوه‌یه‌ك بێت بالاپۆشه‌كه‌ت والا نه‌كه‌یت و به‌شێك له‌ خۆت ده‌رخه‌یت له‌ به‌رامبه‌ر فرۆشیار بۆ ئه‌وه‌ی ته‌ماشای بكه‌ی ، به‌ڵكو له‌ لایه‌كی فرشگاكه‌ یان له‌و شوێنه‌ی كه‌ كه‌س نات بینێ ، وه‌ هه‌روه‌ها وریاش به‌ له‌ تاقی كردنه‌وه‌ی پۆشاك له‌ دووكانه‌كه‌ ، به‌ڵكو پشت ببه‌سته‌ به‌ ژماره‌ و قیاسه‌ كۆنه‌كانت ، وه‌ وریاش به‌ دیسان له‌ تاقی كردنه‌وه‌ی پێڵاو له‌ به‌رامبه‌ر فرۆشیار بۆ ئه‌وه‌ی قاچه‌كانت ده‌رنه‌كه‌ون ...**

**وریابه‌ له‌ كه‌مته‌رخه‌می له‌ نوێژه‌كانت به‌ تایبه‌تی نوێژی عه‌سر و شێوان ( مه‌غریب ) ، ئه‌وه‌ش بزانه‌ كه‌ ڕۆشتنه‌ بازاڕ بیانوویه‌كی شه‌رعی نیه‌ بۆ دواخستنیان تا كاتی نوێژه‌كه‌ی تر دێت ، خوای گه‌وره‌ش ده‌فه‌رموێ :** ﴿ إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا ﴾ .

وصلى الله على نبينا محمد ، وعلى آله و صحبه أجمعين

**وه‌رگێڕ : جهاد قادر . ز.كۆیه‌ .عه‌ره‌بی.قه‌لادزێ**

## مەترسی شەریك بۆ خوا دانان لەسەر دوا ڕۆژی ئینسان

شەریك بۆ خوا دانان گەورەترین زوڵم و ستەم و ناحەقیەکە مرۆڤ ئەنجامی دەدات بەرامبەر بە پەروەردگاری . وەك پەروەردگار فەرمویەتی : ﴿ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴾ ( سورة لقمان : ١٣ ) ، واتە : بەڕاستی شەریك و هاوبەش دانان بۆ خودا گەورەترین ستەم و ناحەقیەکە کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات بەرامبەر بە پەروەردگاری .

چونکە هەروەك چۆن خوا پەرستی بریتی یە لە ئەوپەڕی ڕێزگرتن و بەگەروە دانانی خودا ، بەهەمان شێوەش هاوبەش پەرستیش ئەو پەڕی بێ ڕێزی و سپڵەیی یە بەرامبەر بەخودا و سیفەتە پەسەند و ناوە جوانەکانی .

وە پێغەمبەر ﷺ کاتێك کە پرسیاری لێ کرا سەبارەت بە گەورەترین و ناقوڵاترین تاوان ، فەرمویەتی : گەورە ترین تاوان بریتیە لە : " أن تجعل لله نِدّاً وهو خلقك " ( البخاري : ٤٤٧٧ ) ، واتە گەورەترین تاوان بریتیە لەوەی کە کەسێکی تر لەگەڵ خودا بپەرەستی ، لەکاتێکدا تەنها خودا دروستی کردووی .

مەترسی هاوبەش بڕیاردان لەوەدا دەردەکەوێت سەرجەم کردەوە چاکەکانیش کە بۆ خودا کراوە هەمووی پوچەڵ دەبێتەوە و لە ڕۆژی قیامەتدا پاداشتی هیچیانی دەست ناکەوێت و مایە پوچ دەردەچێت ، چونکە هەروەك چۆن ئاگر پووش دەسوتێنێ ، بەهەمان شێوەش شیرك و هاوبەش بڕیاردان کردەوەی چاك پوچەڵ دەکاتەوە .

هەروەك خودا دەفەرموێ : ﴿ وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴾ ( سورة الزمر : ٦٥ ) ، وە فەرموویەتی : ﴿ وَلَوْ أَشْرَكُواْ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴾ ( سورة الأنعام : ٨٨ ) .

نەك هەر ئەوەندە بەڵکو بە هیچ شێوەیەك لێبوردن و عەفوو لێخۆش بوونی خودا شمولی ئەو کەسە ناکات کە شەریکی بۆ خودا دانابێ و پێش مردنی تەوبەی لێ نەکردبێ و پێوەی مردبێ ، هەروەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ اللّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاء وَمَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْمًا عَظِيمًا ﴾ ( سورة النساء : ٤٨ ) واتە : بێگومان خوا لە هاوبەش بڕیاردان خۆش نابێت ، بەڵام لە هەموو گوناهێکی تر خۆش دەبێت بێجگە لە هاوبەش بڕیاردان بۆ هەرکەسێك خۆی بیەوێت ، هەر کەسێکیش هاوبەش دابنێ بۆ خوا بەڕاستی گوناهێکی گەورەی کردووە .

لەوەوە دەردەکەوێت کە شەریك بۆ خوا دانان لە کوشتنی بەناهەق و زینا و دزی و هەموو تاوانە گەورەکانی تر گەورەترە .

جا تاوانێك ئەوەندە گەورە و ناقوڵابێ ، وە ئەوەندە ناپەسەند و قێزەون بێ ، کە زینا و دزی و مەی خواردنەوە لە ئاستیدا نزم بێ ، شیاوی ئەوەیە کە هەرکەسێك ئەنجامی بدات و لێی نزیك بێ ، بەهەشتی پڕ ناز و نیعمەتی لەسەر حەرامبێ و جێگا و ماڵ و شوێنی هەتاهەتایی و هەمیشەیی دۆزەخی پڕ ژان و شین بێ . هەروەك خوای زانا و کاربەجێ دەفەرموێ : ﴿ إِنَّهُ مَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللّهُ عَلَيهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴾ ( سورة المائدة : ٧٢ ) . واتە : هەریەکێك شەریك بۆ خودا دابنێت ئەوە پەروەردگار بەهەشتی لێ قەدەغە کردووە ، و شوێنی هەمیشەیی دۆزەخە ، وە هیچ پشتیوانێکیان نیە ڕزگاریان بکات لەو حاڵەی کە تێیدان .

جا لەوەوە دەردەکەوێت : کە ئینسان بە خواپەرستی بە ڕێز و حورمەت دار دەبێت ، بە پێچەوانەشەوە شەریك بۆ خودا دانانیش هۆی بێ حورمەت بوون و سوکێتیە لە ئینساندا لە دونیا و دواڕۆژیشدا ، چونکە خواپەرستی بەندەکان

ڕزگاردەكات لە پەرستن و بەندایەتی كردنی بەندەكان بۆ پەرستن و بەندایەتی كردنی خوای بەندەكان ، بەلام هاوبەش بڕیاردان بەندەكان لەپەرستنی خوداوە پەلكێش دەكەن بۆ پەرستنی بەندەكان ، هەربۆیە هاوبەشپەرستی واله ئینسان دەكات كە غەیری خودا لە دڵیدا خۆشەویست بێ ، وە ئەو خۆشویستنەش وای لێدەكات كە ملكەچی بێ ، جا هەركات ئینسان خۆشەویستی و ملكەچی بۆ غەیری خودا دەربڕی ، ئەوا ناچار دەبێ كە گوێڕایەڵی خۆشەویستەكەی بێ و ئەوەی ئەو بەباشی دابنێ دەبێ جێ بەجێ ی كات و ئەوەی ئەو بە خراپی دابنێ دەبێ وازی لێ بهێنێ . جا هەركات ئینسان لە هەڵس و كەوتەكانی ژیانی دا بەو شێوەیە پابەند بوو بە حەزو و داخوازی كەسێكی ترەوە جگە لە خودا ، ئەوا ئەو كەسە دەبێتە جێگای ترس و ئومێدی ، بۆیە ناچار بۆ دەست كەوتنی خێر و خۆشی و لادانی زیان و ناخۆشیش پەنا بۆ خۆشەویستەكەی خۆی بەرێ و داوای كۆمەكی لەو بكات و پشت بە ئەو ببەستێ . ئا بەم جۆرە خۆی بچوك وسوك وڕیسوا دەكات لە بەردەستی مرۆڤێكی وەك خۆی چۆك دادەت .

ئەو هاوبەش بۆ خوا دانانەش كە زۆر مەترسیدارە و بڵاوە لە ناو كۆمەڵگەی موسڵمانان و زۆر كەسی بەرەو ئەو مەترسیانە پەلكێش كردوە ، كە بریتیە لە شەریك بۆ خوا دانان لە پەرستن دا .

هەر بۆیە بەدرێژای مێژوو كێشەو ناكۆكی و مشتومڕی نێوان سەرجەم پێغەمبەران و تەواوی بێ باوەڕان تەنها لەسەر بە تەنها خواپەرستی و هاوبەش بڕیاردان بووە ، نەك لەسەر خواناسی و خوانەناسی .

**درێژەی باس بۆ زنجیرەی داهاتوو دەبێت** ( إن شاء الله ) .

**ئاڵا عبد الفتاح . ز. سلێمانی . كۆمەڵناسی**

## نـــــامـــەیەك
## بۆ عاشقانی گۆرانی و مۆسیقا

بە بچوك ڕوانین بۆ تاوانەكان وامان لێدەكات هێندەی تر هەنگاو بەرەو تاوان بنێین و تاوانە گەورەكانیش بە بچوك تەماشا بكەین . یەكێك لەتاوانە گەورەكانیش گۆرانی و مۆسیقایە ، تەنانەت گەشتوەتە ڕادەیەك موسڵمانان لە خۆشی و ناخۆشی و لەتەنهایی و قەرەباڵغی وەك هۆكارێك بەكاری ئەهێنن بۆ چارەسەری بێتاقەتی و لەدڵ دەركردنی خەم و خەفەت وەك زۆرێكیان ئەڵێن !!! ئەمەش ووتەیەكی زۆرترسناكە و مرۆڤ بەرەو گومڕابوون ئەبات چونكە خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ أَلاَ بِذِكْرِ اللّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ ﴾ ( الرعد : ٢٨ ) . بەتایبەت ئێستا پێشكەوتنی تەكنەلۆجیا وای كردوە كە تەنها لە تەلەفزیۆنی ماڵەكان نەبێت ، بەڵكو هەڵگرتنی لەگیرفانیش زۆر ئاسان بووە ، لە مۆبایل و (mp3 وmp4 ) یش بەردەوام ئەم تاوانە لەگەڵماندایە .

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایە گۆرانی و مۆسیقا تاوانێكی گەورەیە یان بچوكە یان هیچ تاوان نیە ؟ باشترین هەنگاویش ئەوەیە لەڕێگای ئەم بەڵگانەی خوارەوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە :

خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ ﴾ ( لقمان : ٦ ) . ( ابن مسعود ) رضي الله عنه ئەفەرموێت : (( واللە الذي لا إله غيره ، هو الغناء )) ، واتە : سوێند بێت بەو خوایەی كە پەرستراوێك نیە جگە لەو شایستەی پەرستن بێت ، مەبەست بە ئایەتەكە گۆرانیە .

پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرموویەتی : (( ليكونن من أمتي أقوام يستحلون الحر والحرير والخمر والمعازف )) ( الصحيحة : ٤١ ) ، واتە : كەسانێك دەبن لە ئوممەتەكەم : داوێن پیسی و ئاورێشم و مەی و بەكارهێنانی ئامێرەكانی موسیقا بە حەڵاڵ دەزانن .

( ابن تيمية ) ئەفەرموێت : (( لفظ الاستحلال إنما يستعمل في الأصل فيمن اعتقد الشيء حلالا والواقع ليست كذلك )) ، واتە : گۆی ( بە حەڵاڵ دانان ) لە بنەوادا تەنها بۆ کەسێك بەکار دەهێنرێت کە بیروباوەڕی وابێت شتێك حەڵاڵە کەچی پێچەوانەی واقعە ، تەنانەت گەورەیی تاوانی گۆرانی و مۆسیقا گەشتوەتە ڕادەیەك هاوشانی زیناکردن و مەی خواردنەوە ناوی هاتووە . ئاشکرایشە گوێ گرتن لە گۆرانی و مۆسیقای ئەم سەردەمە جۆرێکە لە جۆرەکانی زینا وە ئەگەر تەماشا کردنیشی لەگەڵ بێ ئەوە تاوانەکە گەورەترە هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێت : " العينان تزنيان وزناهما النظر " بەتایبەت گۆرانییەکانی ئەم سەردەمە کە زۆربەی وشەکانی یان کوفرە یان وشەی ناشەرعیە بەدەر لەو تەصویرە خراپانەی ئەکرێ بۆ گۆرانی بێژ بۆ ڕەواج دان بە گۆرانیەکانی . ( الفضيل بن العياض ) لەو بارەیەوە ئەفەرموێت : (( الغناء رقية الزنا )) ، واتە : گۆرانی پێشەکی داوێنپیسی کردنە .

( أبو بكر الصديق ) یش رضي الله عنه ئەفەرموێت : (( الغناء والعزف مزمار الشيطان )) ، گۆرانی و مۆسیقا دوزەلەی شەیتانە .

( ابن مسعود ) یش رضي الله عنه ئەفەرموێت : (( الغناء ينبت النفاق في القلب )) ، گۆرانی دووڕووی لە دڵدا دەڕوێنێت .

هەروەها پێشەوا ( أبو حنيفة ) لەو کەسانە بوە بەتوندی گۆرانی حەرام کردوە و بیستنی بە تاوان زانیوە ، پێشەوا شافعیش ئەڵێت : (( الغناء لهو مكروه يشبه الباطل و المحال ومن استكثر منه فهو سفيه ترد شهادته )) ، واتە : گۆرانی لەهوێکی خراپە و هاوشێوەی ناڕەواییە ، ئەو کەسەش زۆر گوێبیستی بێت بە کەسێکی گەمژە دادەنرێت و گەواهیشی ڕەتدەکرێتەوە ، مەکروهیش لای پێشەوا شافعی واتە حەرام بەبەڵگەی ئەم ئایەتە ﴿ وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ ﴾ ( الحجرات : ٧ ) . ( ابن القاسم ) یش ئەفەرموێت پرسیارم کرد لە ( مالك ) سەبارەت بە گۆرانی فەرموی : خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِّ إِلاَّ الضَّلاَلُ ﴾ ( يونس : ٣٢ ) هەروەها پرسیاری لێکرا سەبارەت بە گۆرانی و مۆسیقا فەرمووی : (( إنما يفعله عندنا الفساق )) ، واتە : تەنها کەسانی فاسق لەلای ئێمە ئەنجامی دەدەن .

ئیمامی ئەحمەدیش ئەفەرموێ : (( الزمر و الناى و السرنا و الطنبور و المعزفة و الرباب وما ماثلها حرام )) واتە : هەموو ئەم ئامێرانە حەرامن . بۆیە سەر بە هەر مەزهەبێك بیت ڕێگەت نادەن بە تەماشاکردنی ڤیدیۆ کلیپ و بیستنی گۆرانی و مۆسیقا .

پێشەوا ( القرطبي ) ئەفەرموێت : (( الغناء ممنوع بالكتاب و السنة )) ، واتە : گۆرانی قەدەغە و حەرامە بەپێی قورئان و سوننەت .

باشە لەم هەموو بەڵگەیەی خستمانە ڕو چی ترت ئەوێ دڵنیام کەسێك بەدوای حەق بگەڕێ . هەروەك شیخ ئەلبانی لە زۆرێك لە ووتەکانیدا ئەیفەرمو . تەنها بەڵگەیەکی بەسە باوەڕ بهێنیٛ .

ئێستا دڵنیا بوی کە بە بەڵگەی قورئان و سوننەت و وتەی هاوەڵان و زانایان گۆرانی و مۆسیقا حەرامە و تاوانێکی گەورەیە ، ئاخۆ ئەم بەڵگانە ئەبێتە هۆی ئەوەی گۆرانیەکانی ناو مۆبایلەکەت و فلاشەکەت بسریتەوە و قورئان خەزن بکەیت یان هەر بەردەوام ئەبی لەسەر ئەم تاوانە گەورەیە ؟ کەسی ژیر ئەو کەسەیە بڕیاری دروست بدا و ڕێگای ڕاست هەڵبژێرێ .

م . هاوار عبدالله . کۆمەڵایەتی

## پێغەمبەر ﷺ سەردانی ماڵی پیاوێكی كوێر دەكات!!

عوتبانی كوڕی مالك ﷺ لەوانە بوو كە لەشەڕی بەدردا بەژداریان كردبوو لە ئەنصاریەكان .

عوتبان ﷺ هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا من چاوم لەدەست داوە و بەرنوێژی ( ئیمامەت ) بۆ قەومەكەم دەكەم كاتێك باران دەبارێت ئەو دۆڵەی لەنێوان من و قەومەكەم دایە پڕ دەبێت لە ئاو بۆیە لەوكاتەدا ناتوانم بڕۆم بۆ مزگەوتەكەیان و بەرنوێژیان بۆ بكەم. ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ حەزدەكەم بێیت بۆ ماڵمان و نوێژ لە ماڵمان بكەیت بۆ ئەوەی بیكەم بە شوێنی نویژ بۆ خۆم .

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەگەر خوا بیەوی ئەو كارە دەكەم.

عوتبان دەڵێ : لەبەیانی داهاتوودا هەر زوو پاش ئەوەی كە خۆر بەرز بووبووەوە پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ ئەبوبەكردا ﷺ هات . پێغەمبەر داوای ئیزنی كرد بۆ هاتنە ژورەوە و منیش ئیزنم دا . پێغەمبەر ﷺ دانەنیشت تاوەكو هاتە ماڵەوە .

پێغەمبەر ﷺ پێی ووتم : ئەی عوتبان لەكوێی ماڵەكەت دا حەز دەكەیت نوێژت بۆ بكەم ؟

عوتبان ﷺ دەڵێ : ئاماژەم بۆ شوێنێكی ماڵەكە كرد ، پێغەمبەر ﷺ لەو شوێنە وەستابوو ووتی ( الله أكبر ) و ئێمەش لە دوایەوە ڕیزمان بەست و دوو ڕكات نوێژی كرد و بەسەلام دانەوە تەواوی كرد . پاشان داوامان لێی كرد كە بمێنێتەوە بۆ ژەمە خواردنێكی تایبەتی ( خەزیرە ) كە ئامادەمان كردبوو . ژمارە پیاوێكی زۆری نزیك ئەو ناوچەیە لەماڵدا كۆبوو بوونەوە .

یەكێك لە پیاوەكان ووتی : مالكی كوڕی ئەلدوخشون لەكوێیە ؟

پیاوێكی تر ووتی : ئەو دوو ڕووە و خوا و پێغەمبەری خوای ﷺ خۆش ناوی .

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : وا مەڵێ . ئایا نابینی كە ئەو دەڵێ : ( لا إلــه إلا الله ) ( واتە : هیچ پەرستراوێك نیە كە شایستەی پەرستن بێت جگە لە الله ) بۆ بەدەست هینانی ڕەزامەندی خوا ؟

پیاوەكە ووتی : خوا و پێغەمبەرەكەی ﷺ باشتر دەزانن بەڵام ئێمە بەردەوام دەبیبینین كە تێكەڵی موونافیقەكان دەكات و ئامۆژگارییان دەكات .

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : خوای گەورە ئاگری دۆزەخی لەسەر ئەو كەسانە حەرام كردووە كە شەهادەت دەدەن هیچ پەرستراوێك نیە كە شایستەی پەرستن بیت جگە لە الله بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی الله .

## Allah's Apostle ﷺ visits the house of a blind man!!

'Utban bin Malik ﷺ was of those who attended the Badr battle and was from the Ansar.

'Utban ﷺ came to the Prophet ﷺ and said: "O Allah's Apostle! I have lost my eyes and I lead my people in the prayer (as an Imam). When it rains، the valley which is between me and my people flows with water، and then I cannot go to their mosque to lead them in the prayer. O Allah's Apostle! I wish that you could come and pray in my house so that I may take it as a praying place.

The Prophet ﷺ said، "Allah willing، I will do that."

'Utban ﷺ says: the next morning، soon after the sun had risen، Allah's Apostle ﷺ came with Abu Bakr ﷺ . The Prophet asked for the permission to enter and I admitted him. The Prophet ﷺ had not sat till he had entered the house.

The Prophet ﷺ said to me، "Where do you like me to pray in your house?"

'Utban ﷺ says: I pointed at a place in my house whereupon he stood and said، "Allahu Akbar." We lined behind him and he prayed two Rakat and finished it with Taslim. We then requested him to stay for a special meal of Khazira which we had prepared. A large number of men from the adjoining area gathered in the house.

One of the men said: "Where is Malik bin Ad-Dukhshun?"

Another man said: "He is a hypocrite and does not love Allah and His Apostle ﷺ ."

The Prophet ﷺ said، "Do not say so. Do you not think that he has said: "None has the right to be worshipped but Allah،" seeking Allah's pleasure?

The man said، "Allah and His Apostle ﷺ know better، but we have always seen him mixing with hypocrites and giving them advice."

"Allah has forbidden the Hell ،The Prophet ﷺ said Fire for those who testify that none has the right to seeking Allah's pleasure." ،be worshipped but Allah

E . م . رزگار محمد